منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

پەند و ئامۆژگاری

لەبەسەرهاتی پیاوچاکان

موحەمەد حوسێن

سێیەم چاپ
هەولێر ٢٠١٤

منتدى إقرأ الثقافي

پەند و ئامۆژگاری

لە بەسەرهاتی پیاو چاکان

ناسنامەی کتێب

ناو: پەند و نامۆژگاری
لە بەسەرهاتی پیاو چاکان
بابەت: بەسەرهات
نووسەر: محمد حسین
چاپخانە: ڕۆژهەڵات
چاپ: سێیەم چاپ/2014
تیراژ: 2000دانە
بەرهەم: (93)

کتێبخانەی
حاجی قادری کۆیی
دیزاین - چاپکردن - بڵاوکردنەوە
٠٦٦ ٢٢٣٣٨٦٨
٠٦٦ ٢٦٤٨٩٠٧
گەڕەکی حەوتسەد - کۆی حسێنکە

مافی چاپ پارێزراوە

لە بەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (2147)ی ساڵی (2009)ی پێدراوە.

07504671394
hawler.chap@gmail.com

پەند و ئامۆژگاری

لە بەسەرهاتی پیاو چاکان

ئامادەکردنی

محمد حسین

هەولێر/2014

١. ڕاستبە و بڕۆ ڕێی شێری:

ڕۆژێك ئیمامی (أبا الحسن) ئەحمەدی کوڕی سینان چووە لای ئیبن تۆلۆن کە لەگەڵ چەند کەسانێك دانیشتبوو پێی ووت: ئەی کوڕی تۆلۆن لەخوا بترسە؟ ئیبن تۆلۆن زۆر تووڕە بوو و ووتی: شێرێك برسی بکەن وسێ ڕۆژ خواردنی مەدەنێ کوڕی سینان لەگەڵ ئەو لە ژوورێك بکەن پاشان شێرەکەیان برسی کرد هەتا وای لێ هات هەموو شتێکی دەخوارد لە برسان لەگەڵ کوڕی سینان لە ژوورێکیان کرد، ڕۆژی سێیەم کە پاسەوانەکان دەرگایان کردەوە وایان زانی تەنها خوێن وئێسکی ماوە بەڵام سەیریان کرد ئیمام ئەحمەدی کوڕی سینان نوێژ دەکات وشێرەکەش پاسەوانی دەکات. ئەمەیە موسڵمان، ئەمەیە لە شێر شێرترە.

٢. دە ڕۆژی حاجیان:

دەگێڕنەوە کە سوفیانی سەوری دەفەرموێت: ئێوارەیەك لەسەر قەبرستانی موسڵمانان دەڕۆیشتم لە بەسڕا مردنم دەهێنایەوە یادم ودڵە ڕەقەکەم نەرم دەکردەوە بە دیتنی قەبر وقەبرستان، لەناکاو نورێکم بینی لە قەبری یەکێك هاتە دەرەوە، دەڵێت: منیش واقم ورما وسەرم سوڕما. پاشان گوێم لە دەنگێك

بوو که کەسم نەدەدیت، ووتی: یا سوفیان گەر دەتەوێت تۆش نوێکی وەهات هەبێت (١٠) ڕۆژی حاجیان بەڕۆژوو بە.

٣. خوا گەورە ڕۆژی دەری هەموو مەخلوقێکە:

ڕۆژێك صەحابیەکان لەسەر سفرەی نان خواردن دانیشتبوون خەریکی نان خواردن بوون، لەناکاو پشیلەیەك خۆی کرد بەناویاندا وپارچە نانێکی برد وڕای کرد صەحابیەکیش بەپەلە بەدوایدا چوو، بینی ئەم پشیلەیە پارچە نانەکەی بۆ ڕێوێەك برد کە ڕێویەکە چاوی نەدەدیت.

٤. سێ تاوانت ئە نجام دان:

ڕۆژێك کابرایەکی زانا برادەرێکی هاتە سەردانی وباسی برادەرێکی تری بۆ کرد وقسەکانی ئەوی بۆ زاناکە گێڕایەوە، پیاوە زاناکەش ووتی: ئەی کابرا....تۆ ماوەیەکی زۆرە نەهاتویە لای من وئێستاش هاتووی سێ تاوانت ئەنجام دان:

١ـ برادەرێکمت لەپێش چاوی من خست.

٢ـ دڵی منت مەشغول کرد.

٣ـ وە خۆشت لەلای من بێ بڕوا کرد.

٥. ئارام گرتن:

یەکێك لەپیاوچاکان تووشی خێزانێکی خراپ هاتبوو، بەهەموو جۆرێ ژیانی لێ تاڵ کردبوو، بۆیە یەکێك لە هاوڕێکانی پێی ووت: تەڵاقی بدە وخۆتی لێ ڕزگار بکە.

لە وەڵامدا ووتی: ئاخر دەترسم تەڵاقی بدەم وپیاوچاکێکی تری پێوە گیرۆدە بکەم.

ووتی: دە کەواتە چارت چییە؟ پیاوچاکەکە ووتی: ئارام دەگرم لەسەر ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەرﷺ کە دەفەرموێت ﷺهەر پیاوێك ئارام بگرێ لەسەر خراپی خێزانی، خوای گەورە وەك ئەوەی حەزرەتی ئەییوبی(علیه السلام) پێ دەبەخشێت، وە هەر ئافرەتێکیش بەئارام بێت بەهەمان جۆر بۆ خێزانەکەی خوای گەورە وەك ئاسیای خێزانی فیرعەونی پێ دەبەخشێت ﷻ.

٦. پرسیاری کابرای دەشتەکی:

خالیدی کوڕی وەلیدﷺ بۆمان دەگێڕێتەوە: کە کابرایەکی دەشتەکی هاتە خزمەت پێغەمبەرﷺ ووتی: ئەی پێغەمبەری خواﷺ هاتوومەتە خزمەتت تا هێندە پرسیارت لێ بکەم هەتاکو لە دونیا ولە قیامەتدا پێویستم بە شتی تر نەبێت.

پێغەمبەری خۆشەویستیشﷺ فەرمووی: چی ئارەزوو دەکەیت بپرسە.

پیاوەکە ووتی: دەمەوێ ببمە زاناترین کەس؟

پێغەمبەرﷺ فەرمووی: لەخوا بترسە، زاناترین کەس دەبیت.

پیاوەکە ووتی: دەمەوێ ببمە دەوڵەمەندترین کەس؟

پێغەمبەرﷺ فەرمووی: قەناعەت بکە دەبیتە دەوڵەمەندترین کەس.

پیاوەکە ووتی: دەمەوێ دادپەروەرترین کەس بم؟

پێغەمبەرﷺ فەرمووی: چی بۆ خۆت پێ خۆشە، بۆ خەڵکیش پێت خۆش بێت بە دادترین کەس دەبیت.

پیاوەکە ووتی: دەمەوێ خێرۆمەندترین کەس بم؟

پێغەمبەرﷺ فەرمووی: سوود ببەخشە بە خەڵکی خێرۆمەندترین کەس دەبیت.

پیاوەکە ووتی: دەمەوێ لە هەموو کەس زیاتر لەخوا نزیك بم؟

پێغەمبەرﷺ فەرمووی: زۆر یادی خوای گەورە بکە، لە هەموو کەس زیاتر لەخوا گەورە نزیك دەبیت.

پیاوەکە ووتی: دەمەوێ باوەڕم تەواو بێت؟ پێغەمبەرﷺ فەرمووی: ڕەوشتت چاك بکە باوەڕت تەواو دەبێت.

پێغەمبەرﷺ فەرمووی: وا خوا بپەرستە وەك بیبینیت، چونکە با

تۆ نەیبینیت خۆ ئەو دەبینیت.

پیاوەکە ووتی: دەمەوێ لە گوێ ڕایەڵان بم؟

پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: فەرزەکانی خوا پیادە بکە لە گوێ ڕایەڵان دەبیت.

پیاوەکە ووتی: دەمەوێ بە پاکی بە بینینی خوای گەورە شادبم؟

پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: بە لەش قورسی مەمێنەرەوە وخۆت بشۆ، بێ گوناە بەخوا گەورە شاد دەبیت.

پیاوەکە ووتی: دەمەوێ لە قیامەتدا لە نور حەشر بکرێم؟

پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ستەم لە کەس مەکە لە قیامەتدا لە نوردا حەشر دەکرێت.

پیاوەکە ووتی: دەمەوێ لە قیامەتدا خوا گەورە ڕەحمم پێ بکا؟

پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ڕەحم بە خۆت وخەڵکی بکە، خواش لە قیامەتدا ڕەحمت پێ دەکات.

پیاوەکە ووتی: دەمەوێ تاوانم کەم بێت؟

پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: زۆر تەوبە ﴿ إستغفار ﴾ بکە، تاوانت کەم دەبێت.

پیاوەکە ووتی: دەمەوێ بەڕێزترین کەس بم؟

پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: شکاتی حاڵت مەبەرە لای کەس،

بەڕێزترین کەس دەبیت.

پیاوەکە ووتی: دەمەوێ بەهێزترین کەس بم؟

پێغەمبەرﷺ فەرمووی: پشت بەخوا ببەستە.

پیاوەکە ووتی: دەمەوێ ڕۆزیم فراوان بێت؟

پێغەمبەرﷺ فەرمووی: بەدەست نوێژەوە بە.

پیاوەکە ووتی: دەمەوێ لە خۆشەویستانی خوا گەورەو پێغەمبەرەکەی بمﷺ؟

پێغەمبەرﷺ فەرمووی: ئەو شتانەت خۆش بوێت کە خوا وپێغەمبەرەکەی خۆشیان دەوێت.

پیاوەکە ووتی: دەمەوێ لە قیامەتدا لە خەشم وتوڕەیی خوا دڵنیابم؟

پێغەمبەرﷺ فەرمووی: لەکەس توڕە مەبە.

پیاوەکە ووتی: دەمەوێ نزا ودوعام قبوڵ بێت؟

پێغەمبەرﷺ فەرمووی: لە حەرام دوور بکەرەوە.

پیاوەکە ووتی: دەمەوێ خوای گەورە لە قیامەتدا تاوانەکانم بۆ بشارێتەوە؟

پێغەمبەرﷺ فەرمووی: لەدونیا تاوان وعەیبی براکانت بشارەوە.

پیاوەکە ووتی: چی لە تاوان پزگارم دەکات؟

پێغەمبەرﷺ فەرمووی: فرمێسك وملكەچی ونەخۆشی.

پیاوەكە ووتی: چ چاكەیەك لای خوا گەورەیە؟

پێغەمبەرﷺ فەرمووی: ڕەوشت چاكی وتەوازوع وئارامی وخۆگری لەسەر بەڵا وناڕەحەتی.

پیاوەكە ووتی: چ تاوانێك لای خوا گەورەیە؟

پێغەمبەرﷺ فەرمووی: ڕەوشت خراپی وڕەزیلی وتەماع.

پیاوەكە ووتی: تۆڕەیی خوا گەورە لە دونیا وقیامەت بەچی دادەمركێتەوە؟

پێغەمبەرﷺ فەرمووی: بە خێركردنی نهێنی وبەجێ هێنانی سیلەی ڕەحم.

پیاوەكە لە دواەمین پرسیاردا ووتی: بەچی ئاگری دۆزەخ دەكوژێتەوە؟

پێغەمبەرﷺ فەرمووی: بە ئارام گرتن لەسەر ناڕەحەتی لە دونیادا.

٧. چەمكی فەرموودە:

ڕۆژێكیان پاش نوێژی نیوەڕۆ پێغەمبەرﷺ ڕووی كردە هاوەڵە بەڕێزەكانی وفەرمووی: كێ لە ئێوە ئەمڕۆ بەڕۆژوو بووە؟ ئەبو

بەکری صدیق فەرمووی: من ئەی پێغەمبەری خوا.

پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: کێ لە ئێوە ئەمڕۆ یارمەتی هەژارێکی داوە؟ ئەبو بەکری صدیق رضی اللہ عنہ فەرمووی: من ئەی پێغەمبەری خوا.

پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: باشە کێ لەئێوە هەوڵی داوە سوڵحی بەینی دوو کەس بکات وئاشتیان بکاتەوە؟ ئەبو بەکری صدیق رضی اللہ عنہ فەرمووی: من ئەی پێغەمبەری خوا.

کاتێك پێغەمبەر ﷺ گوێی لەم وەڵامەی ئەبو بەکری هاوڕێی پێغەمبەری بوو، فەرمووی: هەر کەسێك سیفاتێکی باشی تیا بێت وکارێکی خێری وای ئەنجام دابێت، ئەوا لە دەرگایەك لە دەرگاکانی بەهەشتەوە بانگ دەکرێت، فلانە کەس وەرە لای ئێمە. لێرەدا ئەبو بەکر رضی اللہ عنہ فەرمووی: ئەی ئەگەر کەسێك هەبێت کە هەموو ئەم کارانەی ئەنجام دابێت؟

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ئومەتی من کەسانی وای تیا هەڵدەکەوێت کە لە قیامەتدا لە هەموو دەرگاکانی بەهەشتەوە بانگ دەکرێت بۆ بەهەشت... تۆش یەکەمین کەسیانی ئەی ئەبو بەکر.

٨. مردن:

دەگێڕنەوە هەر چوار خەلیفەی ڕاشیدی کۆبونەوە وئەبو بەکری صدیق رضی الله عنه فەرمووی: "الموت باب کل الناس داخله یا لیت شعری بعد الباب ما الدار" واتە: مردن دەرگایەکە کە گشت خەڵك داخیلی دەبێت، بەڵام هاوار پاش ئەم دەرگەیە چ خانوویەکە.

وە عومەر رضی الله عنه فەرموی: "الدار نعیم أن علمت بما، یرضی ألا له وأن حالفت فالنار" واتە: خانووەکە خانووی خۆشیە کە کردەوەکانت بەدڵ خوا بن، ئەگەر بێ ئەمریت کرد بێ ئەوا ئاگرە.

وە عوسمان رضی الله عنه فەرموی: "هما معلان ما للناس غیرهما، فانظر لنفسك ایی الدار تختار" واتە: ئەوان دوو جێگان زیاتر نییە، دە سەیربکە بۆ خۆت کام هەڵدەبژێریت.

وە علی رضی الله عنه فەرموی: "ما للعباد سوی الفردوس أن عملوا، وأن هفوا هفوه فالرب غفار" واتە: غەیری فیردەوس هیچی تریان نییە ئەگەر کار بکەن وە ئەگەر خراپەیەکیشیان کرد ئەوا خودا لێبووردەیە.

٩. موعجیزەی بنی إسرائیل:

دەگێڕنەوە بنی إسرائیل پیاوێکیان کوشت هەر قەبیلەیەک ئیتهامی ئەوی تری دەکرد بە کوشتنی ئەم پیاوە پاشان چوونە لای موسا (علیه السلام) داوایان لێ کرد کە پێیان بڵێت کێ ئەم پیاوەی کوشتووە، موساش(علیه السلام) بە فەرمانی خوای گەورە ئەمری پێ کردن کەوا مانگایەک بکوژنەوە گۆشتەکەی بدەن لە لاشەی مردووەکە پاشانیش ئەوان بە موسایان وت: چ مانگایەک بێت وچۆن بێت وچ ڕەنگێک بێت؟ هەتا وایان لێ هات ئەم مانگایەیان زۆر لەلای خۆیان قورس کرد کە جۆری ئەم مانگایە تەنها لەلای پیرەژنێک بەدەست دەکەوت، پیرەژنەکەش داوای نرخێکی زۆری دەکرد بۆ ئەم مانگایە پاشان بە هەر جۆرێ بێ مانگایەکەیان کڕی وگۆشتەکەیان دا بەلاشەی مردووەکە، ئینجا مردووەکە زیندوو بوەوە و ووتی فلان کەس منی کوشت.

١٠. درۆکردن

عبداللەی کوڕی عامیر ﷺ دەڵێت: ڕۆژێک دایکم بانگی کردم وپێغەمبەریش ﷺ لەماڵمان بوو ووتی: وەرە شتێکت بدەمێ، وە پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: دەتویست چ بدەیتێ؟ دایکم ووتی:

دەمویست قەسپێکی بدەمێ، ئینجا پێغەمبەرﷺ فەرمووی: ئەگەر هیچت پێ نەدابا ئەوا درۆیەکت لەسەر دەنووسرا.

١١. گەنجی لەخواترس :

پەلبهی کوڕی عبدالرحمنؓ گەنجێك بوو بەردەوام لە خزمەت پێغەمبەر بووﷺ ڕۆژێك بەلای دەرگای مالێکی ئەنصاریدا تێ پەڕی چاوی بە خێزانەکەی کابرای ئەنصاری کەوت وە لەبەر ئەوەی ژنەکە جوان ورێاو بوو شەیتان بۆی ڕازاندەوە چەند لەسەر یەك سەیری کرد، پاشان کە ڕۆیشت بیری لە خۆی کردەوە زۆر پەشیمان بوەوە وترسا لەوەی کە بچێتە لای پێغەمبەرﷺ پێی بزانی و وەحی نازل ببی دەربارەی، ماوەیەکی پێ چوو، جا بەردەوام پێغەمبەرﷺ پرسیاری دەربارەی دەکرد کەس زانیاری دەربارەی نەبوو تاماوەی ٤٠ ڕۆژ، تا ڕۆژێك حەزرەتی جبرائیل دابەزی وپێغەمبەرﷺ پرسیاری گەنجەکەی لێ کرد ئەویش ووتی ﴿ يا محمد ، إن ربك يقرأ عليك السلام ، ويقول لك : إن الهارب من أمتك بين هذه الجبال ، يتعوذ بي من ناري ﴾

واتە: پەروەردگارت سەلامی لێ کردی هەوالّی داوە کە هەلاتوو لە ئینجەکەی ئوممەتی تۆ لەنێوان ئەم چیایانەدا داوای

پارێزگاریم لێ دەکات لە ئاگر، ئەوجا پێغەمبەرﷺ ئیمامی عومەر وسەلمانی فارسی ناردن بۆ ئەوەی بیهێننەوە، ئەوانیش ڕۆیشتن تا لەقەدپاڵی چیایەکە گەیشتنە شوانێك کە لێیان پرسی(شوانەکەش) ووتی﴿ لعلك تريد الهارب من جهنم ؟﴾ لەوە دەگەڕێی کە لەدۆزەخ هەڵاتووە، ئیمامی عومەریشرضي الله عنه فەرمووی ﴿ وما علمك أنه هرب من جهنم ؟﴾ ئایا چۆن دەزانی لە دۆزەخ هەڵاتووە؟ شوانەکە وەڵامی دایەوە و ووتی: (ئەگەر نیوە شەو داهات ئەوە کابرایێك لەو چیایە دێتە خوارەوە ودەستی لەسەر سەری داناوە ودەست بە گریان دەکات وهاوار دەکاتِ ودەڵێت ﴿ يا رب ، ليت قبضت روحي في الأرواح ، وجسدي في الأجساد ، ولا تجردني في فصل القضاء﴾ ئەوجا ئیمامی عومەررضي الله عنه زانی ئەوە خۆیەتی، مانەوە تاکو نیوە شەو لەناکاو پەیدا بوو وەکو شوانەکە ووتی، ئیمامی عومەررضي الله عنه گرتی وگەنجەکە ووتی: ئەی عومەر، پێغەمبەری خواﷺ بە گوناهی منی زانیوە ووتی نازانم تەنها ئەوە نەبێ ئێمەی ناردووە بت بەینە لای ئەو کە گەڕانەوە ووتی: یا عومەر تکات لێ دەکەم با لەکاتی نوێژکردن بن کە دەمبەیە لای پێغەمبەرﷺ، کە گەیشتە جێ دیتیان لە نوێژن، گەنجەکە کە چاوی بە پێغەمبەرﷺ کەوت وگوێی لە دەنگی بوو یەکسەر لە هۆش خۆی چوو، کە نوێژ

تەواو بوو پێغەمبەرﷺ هاتە سەر سەری وبەهۆش خۆی هێنایەوە وپێی ووت: بۆ خۆت لێم شاردبۆوە، ئەویش ووتی: لەبەر گوناهم، ووتی: ئایا ئایەتێکت فێرنەکەم کە گوناە ڕەش دەکاتەوە بڵێ ﴿... رَبَّنَآ ءَاتِنَا فِي ٱلدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِي ٱلْأَخِرَةِ حَسَنَةً وَقِنَا عَذَابَ ٱلنَّارِ

﴿٢٠١﴾ ﴾ سورة البقرة

واتە: خودایە لە دونیادا خێر وناز ونیعمەتمان پێ ببەخشە ولەقیامەتیشدا لە ناز ونیعمەتەکانی بەهەشت بەهرەمەندمان بکە

١٢. کابرای خوراسانی

دەگێڕنەوە کە پیاوێکی خوراسانی لە مەککە بوو وە زۆر لەخواترس بوو وە خەڵکەکە لەبەر پیاوچاکی ولەخواترسی ئەو کابرایە پارە وشتەکانی خۆیان بە ئەمانەت لەلا دادەنا، ڕۆژێك کابرایەك هاتە لایی و(١٠) هەزار دیناری لەلا دانا وڕۆیشت پاش ماوەیەکی زۆر کە کابرایەکە گەڕایەوە سەیری کرد کە کابرای خوراسانی مردووە کابرا چووە لای منالّەکانی وداوای پارەکەی کرد بەڵام ئەوان هیچ ئاگایان لەو پارەیە نەبوو، کابرایەکە چووە لای زانایان وداوای ڕێنمویی لێ کردن ئەوانیش ووتیان: ئێمە ئومێدمان

وایە کابرا خوڕاسانیەکە بەهەشتی بێت ئەگەر نیوە شەو هات بڕۆ سەر ئاوی زەمزەم وبانگی بکە ئەوا وەڵامت دەداتەوە، کابراش چوو سێ شەو لەسەر یەك بانگی کرد بەڵام وەڵامی نەدایەوە ئەویش گەڕایەوە لای زاناکان ئەوانیش ووتیان ﴿ إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّآ إِلَيْهِ رَٰجِعُونَ ﴿١٥٦﴾ ﴾(البقرە)

ئێمە دەترسێین کە خوراسانیەکە ئەهلی ئاگر بێت ئەوە بڕۆ یەمەن دۆڵێکی لێیە ناوی (برهوت)ە کە بیرێکی لێیە بڕۆ سەر ئەو بیرە وبانگی بکە، ئەویش کە چوو بۆ سەر بیرەکە بانگی کرد ویەکسەر وەڵامی دایەوە ووتی: کابرا تۆ پیاوێکی باش بووی بۆ ڕووحەکەت هاتۆتە ئێرەوە، ئەویش ووتی: من خزم وکەس وکارم لە خوراسان بەجێ هێشتوون وسەردانیانم نەدەکرد هەتا مردم خودا ئەوهای بەسەر هێنام وە پارەی تۆش لەماڵەوەم شاردومەتەوە بڕۆ مالّم ولە فلّانە جێم داناوە، کە کابرا گەڕایەوە پارەکەی دۆزیەوە.

١٣. ڕەزامەندی پەروەردگارم:

لەپاش ئەوەی خودای گەورە حەزرەتی ئیبراهیمی(علیه السلام) لە ئاگری نمرود ڕزگار کرد ﴿وَقَالَ إِنِّي ذَاهِبٌ إِلَىٰ رَبِّي سَيَهْدِينِ

﴿١٩﴾ **واته**: حەزرەتی ئیبراهیم(علیه السلام) ووتی: من بەڕاستی ئێوە بەجێ دەهێڵم ودەڕۆم بەرەو ڕەزامەندی پەروەردگارم، لە ئاییندەشدا بەردەوام ڕێنموویم دەکات ﴿رَبِّ هَبْ لِي مِنَ الصَّالِحِينَ ﴿١٠٠﴾﴾خوایە منداڵێکی کوڕی سالّحم پێ ببەخشە ﴿فَبَشَّرْنَاهُ بِغُلَامٍ حَلِيمٍ ﴿١٠١﴾﴾ ومووژدەی کوڕێکی لەسەرخۆ وگوێڕایەڵمان پێدا ﴿فَلَمَّا بَلَغَ مَعَهُ السَّعْيَ ... ﴿١٠٢﴾﴾ الصافات) لەپاش ئەوەی گەورە بوو وای لێ هات لەگەڵ بابی بچێتە سورە الصافات، دوعامان گیرا کردوو ئیش وکارەکانی ١٣ ساڵ، ئا لەم کاتەدا لە شەوی (٨) ذی الحجة إبراهیم لە خەوی دیت پێی دەڵێن(خودا فەرمانت پێ دەکات کوڕی خۆت سەر ببڕی، کە بەیانی هەڵسایەوە چوو دالّغە وفکری کردەوە ئایا چۆن کوڕی خۆی جەرگی خۆی سەر ببڕێت ئایا دەبێت ئەمە لەخواوە بێت، یان لە شەیتانەوە لەبەر ئەوەی ناوی لێنرا (یوم الترویه) شەوی پاشتر هەمان خەونی بینیەوە ئەوجا زانی کە ئەمە لە خوایەوە لەبەر ئەوە ناونرا ڕۆژی (عرفه) شەوی سێیەم هەمان خەونی دیتەوە ئەوجا بەیانی نیازی کوشتنەوەی کرد لەبەر ئەوە ناونرا (یوم النحر) ئەوجا حەزرەتی

ئیبراهیم(علیه السلام) ووتی بە هاجەر (کوڕەکەت) ئامادە بکە وجلی جوان وپاکی لەبەر بکە وبەخۆشی پەتێك وچەقۆیەکی هەڵگرت چونکە دەبێت فرمانی خودای گەورە جێ بەجێ بکات ئایا چۆن لادان دەکات لە فرمانی خودا، ئێ باشە خۆ ئەم کوڕە پاش پاڕانەوەیەکی زۆر پاش بێ ئومێدی - پاش پیری - خودا پێی بەخشیون، خۆ کەسی تر شك نابەن هیچ کوڕێکی تریان نییە بەڵام...موسڵمانان ئەمری خواگەورە...ترسان لە عەزابی خوا گەورە... کە دەبێت لەپێناو جێ بەجێ کردنی فەرمانی خودای گەورە سەر ومااڵی فیدا بکەن لەبەر ئەمە حەزرەتی ئیبراهیم(علیه السلام) خۆی ئامادەکرد وڕۆیشت بەرەو (مینا) شەیتان ویستی ئەم خێزانە چاك وڕێکە پەرتەوازە بکات توشی عەزابی خوایان بکات، هاتە لای هاجەرە، ووتی: ئەی هاجەرە ئەوا إبراهیم دەیەوێت بۆ خاتری خەونێك سەری کوڕەکەی سەر ببڕێت ماڵت وێران بکات، جەرگت سووتاو بکات، هاجەرەخان ووتی: ئەگەر ئەمری پێ کرابێت ئەوە دەبێت جێ بەجێ بکات پاشان هاتە لای حەزرەتی ئیبراهیم(علیه السلام) ووتی: دە سەیری قەدر وقامەتی بکە؟! سەیری جوانی بەژن وباڵای بکە، ئایا چۆن بۆ درۆ خەونێك جەرگی خۆت دەسوتێنی، حەزرەتی ئیبراهیم(علیه السلام)

شەیتانی ناسی پێی ووت بڕۆ ملعون ئایا دەتەوێت بێ ئەمری خوا بکەم، وە بەردی تێ گرت لە (حجرة العقبة) پاشان هاتە لای إسماعیل(علیه السلام) پێی ووت: باوکت دەیەوێت سەرت ببڕێت منیش دەمەوێت ئامۆژگاریت بکەم، إسماعیل(علیه السلام) فەرمووی: ئەگەر خودا فەرمانی پێ دابێت ئەوە توانای گەڕانەوەی ئەمری ئەوم نییە، پاشان هاتەوە لای إبراهیم(علیه السلام) قسەکانی پێشووی پێ ووتەوە ئەویش دوبارە بەردبارانی کردەوە لە (حجرة الوسطی) وجاری سێیەم هاتەوە وڕەجمی کردەوە لە (حجرة الثالثة) هەر هەبەر ئەمەش ڕەجم کردنی ئەمانە دانرا بۆ حاجی، پاشان گەیشتە (منحر) حەزرەتی إبراهیم(علیه السلام) ویستی پرس بە کوڕەکەی بکات وپێی ووت:

﴿يَٰبُنَيَّ إِنِّيٓ أَرَىٰ فِي ٱلْمَنَامِ أَنِّيٓ أَذْبَحُكَ فَٱنظُرْ مَاذَا تَرَىٰ ۚ ... ﴿١٠٢﴾﴾

الصافات)

بەڵام حەزرەتی ئیسماعیل (علیه السلام) بە زمانێکی پاراو ووتی

﴿ يَٰٓأَبَتِ ٱفْعَلْ مَا تُؤْمَرُ ۖ سَتَجِدُنِيٓ إِن شَآءَ ٱللَّهُ مِنَ ٱلصَّٰبِرِينَ ﴿١٠٢﴾﴾

الصافات)

واتە: بابە گیان هەر فەرمانێکت پێ دراوە جێ بەجێ بکە

دەمێنێت ئەگەر خوا حەز بکات خوا بیەوێت، لە ئارامگران بم ئا لەم کاتە حەزرەتی إبراهیم(علیه السلام) زانی دوعاکەی قبوڵ بووە کە ووتبووی ﴿رَبِّ هَبْ لِي مِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ﴿١٠٠﴾﴾ (الصافات)

ئینجا حەزرەتی إبراهیم(علیه السلام) دەست وباسکی هەڵکرد ودەستی (إسماعیل) ی بەستەوە وچەقۆی دەرهێنا وئینجا حەزرەتی إسماعیل(علیه السلام) فەرمووی: بابە گیان تۆ تەماشای دەم وچاوم مەکە نەبادا ڕوحمم پێ بکەی وتووشی بێ ئەمری خودا بیت، باوکی شیرینم وە دەستەکانم باش بەستە نەبادا خۆم هەڵباوێم وئەزیەتت بدەم... باوکە... وە جلەکانی خۆت باش بپێچە نەبادا پشکە خوێنت پێ بکەوێت دایکم ئەو خوێنە ببینی ومەحزون ببێت، وە چەقۆیەکەت باش تیژ بکە وبەپەلە بەسەر گەردەنم دابهێنە، بۆئەوەی زوو بمرم، چونکە مردن زۆر ناخۆشە، وە ئەگەر گەڕایەوە مااڵ ئەوە کراسەکەم بۆ دایکم ببە وسەلامی منی پێ بگەێنە وپێی بڵێ (صەبر بگرێت وپێی مەڵێ چۆن سەرت بڕیم وچۆن دەستەکانت بەستمەوە)... باوکی شیرینم.ئەگەر منااڵی لە تەمەنی منت بینی ئەوە سەیری مەکە بۆ ئەوەی غەمگین نەبیت ئینجا إبراهیم(علیه السلام) ووتی" نعم العون أنت یا ولدی علی أمر

الله ئینجا﴿ فَلَمَّآ أَسۡلَمَا وَتَلَّهُۥ لِلۡجَبِينِ ﴿١٠٣﴾ ﴾(الصافات) واتـه: كاتێك هەردووكیان تەسلیمی فەرمانی پـەروەردگار بـوون، إبـراهیم إسمـاعیلی بـەرووداخستە سـەر خـاك بـۆ ئـەوەی سـەری ببڕێـت چەقۆی زۆر بەهێزی بەسەر گەردەنی داهێنـا بـەڵام نـەیبڕی جـاری دووەم هەر نەیبڕی، ئا لەم كاتە: دەنگی گریان وهاوار بڵند بـوو لـە ئاسماندا چـونكە مـەوقفێك بـوو كـە جـەرگی شـەق دەكـردن ودڵـی دەهەژاند مەلائیكەتان بە گریانەوە هاواریان كرد....خودایە ڕەحـم بەو پیرەمێردە بكە...خوایە ڕەحم بەو منداڵە بكـە... لـەم كاتـەدا مـژدەی إلهـی هـــات و هـــاواری كـــرد ﴿ وَنَٰدَيۡنَٰهُ أَن يَٰٓإِبۡرَٰهِيمُ ﴿١٠٤﴾ قَدۡ صَدَّقۡتَ ٱلرُّءۡيَآۚ إِنَّا كَذَٰلِكَ نَجۡزِي ٱلۡمُحۡسِنِينَ ﴿١٠٥﴾ إِنَّ هَٰذَا لَهُوَ ٱلۡبَلَٰٓؤُاْ ٱلۡمُبِينُ ﴿١٠٦﴾ وَفَدَيۡنَٰهُ بِذِبۡحٍ عَظِيمٍ ﴿١٠٧﴾﴾ (الصافات)

١٤. هەمووی ببەخشم زۆرە!:

لە سەفەرێكدا پیاوێك لە ئامەوە دەچێت بـۆ حیجـاز لـەنیوەی ڕێگەدا برسێتی زۆری بۆ دەهێنێت وهیچ خواردنێكی پـێ نییـە، بـە

یەکێك لە هاوەڵانی دەڵێت کە لەگەڵیایەتی بڕۆ بزانە شوێنێك لەم دەوروبەرە نادۆزیتەوە کەمێك خواردنی لێ وەربگریت، کاتێك ئەم پیاوەش گەڕا کەسی نەبینیەوە جگە لە ئافرەتێکی پیری هەژار نەبێت. ئەویش تەنها یەك کولێرەی پێ بوو داوای لێکرد کە نیوەی کۆلێرەکەی پێبدات، ئافرەتە پیرەکەش ووتی: نیوەی نادەم بەس هەموویت پێ دەدەم، پیاوەکە بە سەرسوڕمانییەوە ووتی: باشە من داوای نیوەی دەکەم نامدەیتێ چۆن تۆ دەڵێی هەمووی بۆ تۆ؟ ئافرەتەکە ووتی: ئەم بەخشینەی تۆ داوای دەکەی کەمە، بەڵام من هەمووی ببەخشم زۆرە.

١٥. وامزانی مردووە:

عائیشە بۆمان دەگێڕێتەوە کە شەوێك پێغەمبەری خوا هەڵسایەوە ودەستی بە نوێژ کرد وئەوەندە سوجدەکەی درێژکرد هەتا وامزانی مردووە، کە ئەم دیت منیش هەڵسام ودەستم گەیاندە ئەنگوستی دیتم دەجولێت گوێم لێ بوو دەی ووت: خودایە پشت دەبەستم بە لێبوردەیی خۆت لە سزات، پشت دەبەستم بە ڕەزامەندیت لە تووڕەبوونت، پشت دەبەستم لە تۆ بە تۆ ناتوانم مەدح وسەنات بکەم هەر تۆ دەتوانی، ئەوجا کە سەری

بەرزکردەوە ووتی "یا عائشه أو یا حمیراو ڤننت أن النبی خاس بك؟" دەڵێ منیش ووتم: نەخێر ئەی پێغەمبەری خوا بەڵام وام گومان برد کە وەفاتت کردبێت لەبەر درێژی سوجدەت "لا والله یا رسول الله ولكني ظننت أنك قبضت لطول سجودك" ، ئەوجا ووتی: ئایا دەزانی ئەم شەوە چییە؟ ووتم: خوا وپێغەمبەری خوا دەزانن "هذه ليلة النصف من شعبان ، إن الله عز وجل يطلع على عباده في ليلة النصف من شعبان فيغفر للمستغفرين ، ويرحم المسترحمين ، ويؤخر أهل الحقد كما هم" رواه البيهقى

١٦. دەبێ کرێ بدەی:

دەگێڕنەوە ئیبراهیمی کوڕی ئەدهەم ویستی بچێتە گەرماو (حمام) بەڵام خاوەنەکەی نەیهێشت و ووتی: دەبێ کرێ بدەی، ئەویش گریا و ووتی: (خودایە ناتوانم بچمە مااڵی شەیتان کە ڕێگەم پێ نادرێت بچم بە بێ پارە، ئەی کەواتە چۆن ڕێگام پێدەدرێت بچمە مااڵی پێغەمبەران وپیاوچاکان بەبێ پارە).

١٧. چەمکی فەرموودە

عائیشە بۆمان دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەرﷺ جارێکیان لەگەڵ شەش صەحابە دابوو ونانیان دەخوارد لەناکاو عەرەبێکی دەشتەکی لەولاوە هات ونانەکەی کرد بە دوو پارچە وخواردی، جا

پێغەمبەرﷺ فەرمووی: ئەگەر ئەم کابرایە ناوی خوای هێنابا پێش نان خواردن ئەوا نانەکە بەشی هەموومانی ئەکرد.

١٨. بیروباوەڕی تەواو:

جارێکیان پێغەمبەرﷺ دەربارەی ئەبوبەکری صدیقرضي الله عنه فەرمووی (ئەگەر بیروباوەڕی ئەبو بەکر لە پێی تەرازوێك بێت وباوەڕی هەموو خەڵك لە پێیەکەی تر بێت ئەوا باوەڕی ئەبو بەکر گرانتر دەبێت ئینجاش ئەبو بەکر دەیوت ئەگەر یەکێك لە پێیەکانم لە بەهەشت بێت وئەویتر لەبەر دەرگای بێت ئەوجاش هەر دەترسێم لە نەخشە وپلانی خودا)

١٩. لەخۆبایی بوون:

جارێکیان (أبو العلاء المعری) لە شوێنێکدا زۆر لە خۆبایی دەبێت وئەیەوێ خۆی هەڵکێشێت وئەڵێت: من دەتوانم شتی وا بکەم وبڵێم کە کەس پێش من نەیکردبێ، هەر لەو شوێنەدا منداڵێکی تازە پێگەیشتوو لێی ڕائەپەڕی وئەڵێت: ئەگەر ڕاست دەکەیت پیتێکی تازەم پێ بڵێ جگە لەو (٢٨) پیتەی کە ڕۆژانە بەکاری دەهێنیت لە قسەکانماندا، ئیتر (أبو العلاء المعری) هیچ بۆ نەمایەوە وبێدەنگ بوو.

٢٠. شەرم کردن لە خودا:

جارێکیان ئیمامی مالیکی کوڕی دینار لە ڕۆژێکی زۆر سارد سەیری کرد (عتبة الغلام) لەبەر ئەو سەرمایەیە وکراسێکی دڕاوی لە بەرەو ئارەقەی کردووە، ئیمامی مالك پێی وت: بۆ لەم جێگایە وەستاوی؟ ئەویش فەرمووی: ئەی مامۆستای من لەم جێگایە گوناهێکم کردووە، وە لەبەر گوناهەکەی کە کردوویەتی لە شەرمی خودا ئارەقەی پێدادەهاتە خوارەوە.

٢١. گریان بۆ گۆڕ (قەبر):

دەگێڕنەوە کە عوسمانی کوڕی عەففان رضي الله عنه ئەگەر چووبایە سەر گۆڕستان یان گۆڕێکی دیبایە دەستی دەکرد بە گریان هەتا ڕیشی موبارەکی تەڕ دەبوو، لێیان پرسی ئایا بۆ باسی بەهەشت وئاگر دەکرێ ناگری، وە دەگرێی ئەگەر لەسەر گۆڕ وەستای، ئەویش فەرمووی گوێم لە پێغەمبەر بوو کە دەیفەرموو (أن القبر أول منازل الآخرة) واتە: گۆڕ یەکەم ماڵەکانی دواییە، (فإن نجامنه صاحبه فما بعده أيسر منه وإن لم ينجح منه فما بعده أشر) واتە: ئەگەر دەرچوو لەو ئەوا ئەوەی لەدوای ئەو دێت زۆر ساناترە، وە ئەگەر دەرباز نەبوو ئەوەی لە دوای دێت زۆر خراپترە.

٢٢. نرخی دراوسێ:

دەگێڕنەوە (عبداللەی کوڕی موبارەك) دراوسێیەکی هەبوو جوولەکە بوو، زۆر جار یارمەتی وکۆمەکی پێشکەش دەکرد، بەڵام لەبەر ئەوەی جولەکەکە پێویستی زۆری هەبوو بە پارە ناچاربوو فرۆشتنی خانووەکەی ڕابگەیەنێ، پاشان چەند کەسێك هاتنە لای و ووتیان خانووەکەت بەچەند دەفرۆشی؟ جولەکەکە ووتی: بە دوو هەزار دینار دەیفرۆشم، ووتیان: خانوەکەت هەر بایی یەك هەزارە بۆ بە دوو هەزار دەیفرۆشی، جولەکەکەش ووتی: دەزانم بەڵام هەر کەس بێتە ئەو خانووەی من دەوڵەمەند دەبێت چونکە دراوسێیەکی زۆر چاکم هەیە، من دراوسێیەکەش دەفرۆشم بە هەزار دینار، کاتێك (عبداللەی کوڕی موبارەك) ئەم باسەی زانی خۆی چوو هەزار دیناری بۆ پەیداکرد و فەرمووی: دانیشە وخانووەکەت مەفرۆشە چونکە نرخی دراوسێکەت دەزانی.

٢٣. قسەی بێ سوود:

پۆژێك کابرایەکی موعتەزیلە هاتە لای گاوس کە لەگەڵ کوڕەکەی دانیشتبوو، کابرایەکە دەستی بە هەندێك قسەکرد، گاوس دەستی نایە ناو گوێچکەی ووتی: کوڕم گوێچکەت بگرە، هەر ئەمەی دووبارە کردەوە هەتا کابرایەکە هەڵسا.

٢٤. کێ خاوەنی بەهەشتە:

پێشەوا محمد عبدە لە میصر پرۆیشت بۆ کۆشکی خدێوی عباس، بینی قەشەیەکی مەسیحی وزانایەکی گەورەی جولەکە لە کۆشکی خدێوی عەباس بوون، ئەمەیان پێشەوا ونوێنەری مەسیحیەکانە ئەویشیان پێشەوا ونوێنەری یەهودیەکانە تۆش ئەی عەبدە پێشەوا ونوێنەری موسڵمانانی، لەم کاتەدا ئەبێ هەریەکەتان پێم بڵێن کامتان ئەچنە بەهەشت، پێشەوا ونوێنەری مەسیحیەکان ووتی: ئەی پێشەوای یەهودییەکان تۆ بڵێ یەکەم جار پێشەوای یەهودییەکانیش ووتی: ئەی (محمد عبدە) لە وەڵامی پرسیارەکەدا ووتی: ئەگەر جولەکە بچێتە بەهەشت ئەوا ئێمە لەگەڵیان ئەچینە بەهەشتەوە چونکە ئێمە بڕوامان بە پێغەمبەر (موسی) هەیە(علیە السلام). وە ئەگەر مەسیحیەکان بچنە بەهەشتەوە ئەوا ئێمە لەگەڵیان ئەچینە بەهەشتەوە چونکە ئێمە بڕوامان بە پێغەمبەر عیسی هەیە(علیە السلام). بەڵام ئەگەر ئێمە بچینە بەهەشتەوە ئەوا نە مەسیحیەکان ونە جولەکەکان ناچنە بەهەشتەوە چونکە ئەوان هەردوو لایان بڕوایان بە پێغەمبەری ئێمە (محمد) نییە ﷺ.

٢٥. ئه نجامدانی نوێژ لەکاتی خۆی:

ڕۆژێکیان هارونە ڕەشید نوێژی عەسری دواخست وتۆزێک درەنگ کردی، بۆیە زانا أبو یوسف هاتە ژوورەوە بۆ لای هارونە ڕەشید فەرمووی: ئەگەر هەموو سەرزەوی ئاوی تیانەمێنێت وهەرچی دەریا وکانیاوەکان هەیە هەموو ووشک بکات تەنیا نیوەی ئەم پەرداخە ئاوە هەبێت تۆش زۆر تینوت بێت بە چەند دەیکڕیت هارونە ڕەشید ووتی: نیوەی هەموو سەروەت وسامان ومولّکەکانی پێ دەدەم پاشان ئەبو یوسف فەرمووی: ئەی قوربان ئەگەر بەقەدەر نیوەی ئەم پەرداخە ئاوە لە لەشتدا مایەوە نەت توانی لێی ڕزگارت بێت دکتۆرێک بێت بڵێت من چارەسەرت دەکەم چەند دەدەیتێ هارونە ڕەشید ووتی: نیوەکەی تری مولّکەکەمی دەدەمێ بۆیە ئەبو یوسف ڕووی کردە هارونە ڕەشید وفەرمووی بەخوا سەیرە قوربان خوای گەورە ئاو بەلاش داوە پێت وبەئاسان لەدەست نەخۆشی ڕزگارت دەکات وهیچ پارە وپولێک نادەیت کەچی نوێژی عەسر درەنگ دەکەین.

٢٦. ئەی نەفس ڕابوێرە بەکەیفی خۆت:

پیاوێك مـاڵ وسـامانێکی باشـی کـۆکردەوە کۆشـکێکی زۆر گەورەی دروست کرد ودۆست وناسیاوێکی زۆری بانگ کرد، ئـەوجا ووتی: ئەی نەفس ڕابوێرە بە کەیفی خۆت، ئـەوە پارەیـەکی باشم بۆ پەیداکردووی لەم ووتەیە تەواو نەبوو کە (ملك الموت) بەجلێکی کەونە وڕزیو زۆر بە تونـدی لـە دەرگـەی غولامـەکان هـاتن ووتیـان چـیتە؟ ووتـی: کـا بـانگی گەورەکـەتانم بـۆ بکـەن! ووتیـان: جـا گەورەی ئێمە بۆ یەکێکی وەکـو تـۆ دێتـە دەرێ. ووتـی: بـەڵێ دە پێی بڵێن. کە پێیان ووت، ئەویش ووتی: دەتێتان هەڵدابا، دووبارە زۆر تووندتر لە دەرگای دایەوە ودووبـارە غولامـەکان هاتنـەوە، کـە پێی ووتن هەواڵ بدەنە گەورەتان کە من (ملك الموت)م کە زانیـان ترس غالب بوو بەسەدیان هەڵاتن بۆ لای گەورەیان، ئەویش ووتـی: قسـەی خـۆش لەگـەڵ بکـەن وپێـی بڵـێن: ئایـا یـەکێکی تـر دەبـا لەجیاتی من؟ ئەویش ووتـی: مـن لـەم جێگایـە نـاڕۆم هـەتا گیـانی لەگەڵ خـۆم نەبـەم، ئـەوجا دەوڵەمەندەکـە پـارەوپولی کـۆکردەوە وپێی ووت لەعنەتی خودات لێ بێت ئەی پارە! مەشغولت کردم لـە خوا پ ل خودای گەورەش پارەکەی بەقسـە هێنـا ووتـی بـۆ قسـەم ، دەڵێـی: بـەهۆی مـن دەچـوویە لای پادشـا وپیـاوە

گەورەکان وە ئافرەتی گەورە ودەولّمەندن مارە دەهێنا وە بەهۆی من پادشابووی وە سەرفت دەکردم لە خراپە وقومار، پازی بووم، وە ئەگەر لە ڕێگای باشت سەرف کردبام ئەوا هەر ڕازی دەبووم ئەوجا ئیزرائیل گیانی کێشا.

٢٧. تورە مەبە:

ڕۆژێك کابرایێك هاتە لای پێغەمبەرﷺ ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، شتێکم فێر بکە بەلّام زۆر نەبێت بۆ ئەوەی لە یادی نەکەم پێغەمبەریشﷺ فەرمووی (لا تغضب) کابرایەکە پرسیارەکەی چەند جارێك دوبارە کردەوە وپێغەمبەریش هەر دەیفەرموو (لا تغضب) واتە: تورە مەبە.

٢٨. لە ترسی ئەوەی نەخۆش کەوم:

ئەسلەمەی کوڕی شەریك هاوەلّی پێغەمبەری خواﷺ دەفەرموێت: لە خزمەتی پێغەمبەردابوومﷺ ڕەشووەی حوشترەکەم بۆ ڕادەکێشا...جارێکیان لەش گرانی هات بەسەرم دا لە شەوێکی سارد دابوو پێغەمبەریشﷺ ویستی کۆچ بکات لەو شوێنەدا...منیش پێم ناخۆش بوو بەلەش گرانی حوشترەکەی

ڕابکێشم..دەترسام گەر بە ئاوی سارد خۆم بشۆم بمرم یا نەخۆش بکەوم. پاشان فەرمانم دا بە پیاوێك کە رەشوەی حوشترەکەی ڕابکێشین، ئیتر هەستام کۆمەڵێك بەردم کۆکردەوە لەنێوانیاندا ئاگرێکم کردەوە، ئاوەکەم پێ گەرم کرد پاشان خۆم شوشت وگەیشتمەوە بە پێغەمبەرﷺ فەرمووی: ئەی ئەسلەع رەشوەی حوشترەکەم بە دەست هاوەڵێکی ترەوە بوو؟ ووتم: ئەی پێغەمبەری خواﷺ من ڕام نەکێشا پیاوێك لە ئەنصار ڕایکێشا فەرمووی: بۆ؟ ووتم: لەش گران بووم پێم ناخۆش بوو ڕایکێشم تا خۆم نەشۆم گەر بە ئاوی ساردیش خۆم بشوشبایە نەخۆش دەکەوتم. ئاوم گەرم کرد وخۆم شوشت، پاشان بە جەنابت وهاوەڵان گەیشتمەوە، ئیتر لەسەر ئەم ڕووداوە ئایەتی تەیەموم هاتە خوارەوە.

٢٩. خۆگرتنی مرۆڤ لەکاتی تورەییدا:

دەگێڕنەوە کە ڕۆژێك لە ڕۆژان بەندەیەکی جەعفەری صادق ئاوی بەدەستی ئیمام جەعفەردا ئەکرد، لەپڕ مەسینەکەی لەدەست بەربووەوە هەندێ لە پڕژەی ئاوەکە بە دەم وچاوی ئیمام جەعفەردا کەوت وسەری بەرزکردەوە بە تووڕەییەوە سەیری

بەردەستەکەی کرد ئەویش یەکسەر ووتی: گەورەم (والکاظمین الغیظ) واتە: خوای گەورە لەو کەسانە خۆش دەبێت کە ڕقی خۆیان دەخۆنەوە ئیمام جەعفەر ووتی: وا ڕقی خۆمم خواردەوە. بەندەکە ووتی: (والعافین عن الناس) واتە: خوا لەو کەسانە خۆش دەبێت کە لە گوناهی خەڵک خۆش ئەبن. ئیمام ووتی: وا لێت خۆش بووم، بەندەکە ووتی: (والله یحب المحسنین) واتە: خوا گەورە چاکەکارانی خۆش ئەوێت. ئیمام جەعفەر ووتی: دە بڕۆ وا لە ڕێی خوادا ئازادم کردی.

٣٠. شوێن کەوتن بەدوای پێغەمبەرﷺ:

ڕۆژێک پێغەمبەرﷺ لەگەڵ صەحابەکانی نوێژیان دەکرد وپێڵاویان لەبەر بوو، پێغەمبەرﷺ لەناو نوێژەکە پێڵاوی خۆی هێدی هێدی داکەنا و لەلای چەپی خۆی داینا، صەحابەکانیش هەروەکو ئەو پێڵاویان داکەن ولەلای چەپی خۆیان دایاننا کە پێغەمبەرﷺ لە نوێژ سەلامی دایەوە بینی هەموویان وەکو ئەویان کردووە لێی پرسین ئەوە بۆچی ئەوانیش ووتیان ئێمەش وەکو تۆمان کردووە ئەویش ووتی من جبرائیل هات وپێی ووتم پێڵاوەکەت داکەنە شتێکی پیسی بەبنەوەیە.

٣١. ئامۆژگاری بە نەرمی:

پیاوێك بە هارونە ڕەشیدی ووت: ئەی ئەمیری موسڵمانان من حەز دەکەم ئامۆژگاریت بکەم بەشێوەیەکی ڕەق وتۆش لێم وەرگرە، ئەویش ووتی: نەخێر، چونکە خوای گەورە فەرمانی کردووە کە یەکێك لە تۆ باشتر بێت نەرمی بەکاربهێنێت بۆ یەکێك کە لەمن خراپتر بێت، ئەوەتا کاتێك موسا پێغەمبەر(علیه السلام) دەنێرێت بۆ لای فیرعەون پێی دەڵێت: ﴿ فَقُولَا لَهُۥ قَوْلًا لَّيِّنًا لَّعَلَّهُۥ يَتَذَكَّرُ أَوْ يَخْشَىٰ ﴿٤٤﴾ ﴾(سورة طه)

٣٢. داوای یارمەتی تەنها لەخودا بکە:

دەگێڕنەوە کە باوکی حەسەنی کوڕی صائغ دەڵێت: بیستم لەباوکی عبداللەی کوڕی محمدەوە کە خاوەن ڕیوایەت وزانیارییە، دەیوت: ڕۆژێکیان لە سەیرانێکدا ڕێم کەوتە شاخێك بینیم پیاوێك سوجدەی بردووە ودەپارێتەوە وزۆر بەکوڵ دەگری، ووتم: ئەم پیاوە دەگەڕێت وگەشت دەکا وازی لە دونیا هێناوە دەپارێتەوە لە خوا بالێی نزیك ببمەوە وبچمە پێشەوە بزانم چی دەڵێت لە سوجدەکەیدا.

چەمیمەوە ولێی نزیك بوومەوە گوێم لێ بوو بە نەرمی دەیوت: پەروەردگارم چۆن ناو چاوانت پاراستووم وسەر بەرزت کردووم کە تەنها سوجدە بۆ تۆ بەرم وسوجدە بۆ کەسی تر نەبەم، دەستیشم بپارێزە بۆ لای تۆ نەبێت با بۆ کەسی درێژ نەکەم بۆ یارمەتی وەرگرتن.

٣٣. درۆی مەسلەحەت سەرکەوت:

پادشایەك فەرمانی دا بە کوشتنی ئەسیرێك، لەبەردەم تەخت وتاجی خۆیدا دەست وقاچی بەستراباووەوە، ئەسیری بێ چارەش لەوپەڕی نائومێدبوونی لە ڕزگاربوونی لە پادشای ستەمکار، دەستی کرد بە جنێو وقسەی ناشیرین بە پادشا. دوای ئەم قسە ووتانەی ئەسیرەکە، پادشا پرسی: ئەوە چی ئەڵێ؟ یەکێ لە وەزیرەکانی دەستی ڕاستی پادشا ووتی:

ئەی سەروەرم دەڵێ: ﴿ وَٱلْكَٰظِمِينَ ٱلْغَيْظَ وَٱلْعَافِينَ عَنِ ٱلنَّاسِ ۗ ﴿١٣٤﴾ (آل عمران)

مەبەستی ئەوە بوو ڕەحمەت ومیهرەبانی هات بۆ پادشا ولە کوشتنی من چاو پۆشی کردە، وەزیرێکی پادشا کە دوژمنی ئەم

وەزیرە بوو، لە ڕقیدا دەنگی بەرزکردەوە و گوتی: ئێمە وماناں نابێ لە حچوری پادشا درۆ بکەین ئەبێ بێجگە لە ڕاستی هیچی تر بەسەر زمانماندا نەیەت، ئەم ئەسیرە جنێو وقسەی ناسازی بەرامبەر بە پادشا هاتە سەر زمان.

پادشا لەم قسەیەی وەزیری دووەم مۆڕی ووتی: ئەو درۆیانەی وەزیری یەکەم لەلام پەسەندتر وجوانترە لەو ڕاستیەی کە تۆ ووتت، لەبەر ئەوەی قسەی یەکەم لەسەر بناغەی ئاشتی وبەرژەوەندی مرۆڤانە هەڵبەستراوە، بەڵام قسەکەی تۆ لەسەر بنچینەی ناپاکی، هەروەکو ژیران ووتویانە: درۆیەك کە بەرژەوەندی تیابێت چاکترە لە ڕاستیەکی ئازاوە بەدیهێنەر، هەروەها شێخی سەعدی لە گولستان دا ئەڵێت:

هەر کاتێ لێپرسراوێك بە گوێی کەسێك بکات، کە هەمیشە قسەی ئەو پەسەند بێت بەلای لێپرسراوەکەوە، حەیفە کە بێجگە لە باشەو چاکە شتی تری بەلاوە بڵێت.

٣٤. ستەم وتاوان بەرەکەت ناهێڵێ:

عبداللەی کوڕی عەباس رضي الله عنه دەفەرموێت: ڕۆژێك پاشایەك بەناو شارەکەی دا دەگەڕا چاوی بە پیاوێك کەوت کە مانگایەکی هەبوو

وه خەریکی دۆشین بوو خاوەنەکەی دوو قووتوو شیری پڕکرد، پاشاکە داوای کرد کە دوو قووتوو شیرەکە لەگەڵ خۆی بباتەوە بۆ ماڵەوە، پیاوەکەش پێشکەشی کرد، بۆ ڕۆژی دوایی هاتەوە بەڵام پیاوەکە نیو قووتوو شیری دا بە پاشاکە. پاشاکە لای سەیر بوو ووتی: بۆچی شیرەکە کەمی کردووە بۆچی گوایە هەر لەهەمان لەوەڕگای دوێنێدا نەتلەوەڕاندووە، پیاوەکەش گووتی: بەڵێ...بەڵام وابزانم پاشامان بوو بەهۆی کەم بوونەوەی شیرەکە، چونکە هەر دەسەڵاتدارێك ستەم بکات بە پێی ستەمەکەی بەرەکەت لە کاریدا کەم دەبێتەوە. پاشاکەش پەیمانی بە پەروەردگاری دا وپەشیمان بووەوە لەو تاوان وسەرپێچیانەی کردوویەتی. نەك پاشا وحاکم ودەسەڵاتدار هەر کەسێك بەپێی بوون و وجودی خۆی لە کۆمەڵدا ئەو کارانەی دەیانکات لەسەر بناغەی تاوان وسەرپێچی خوای گەورە بنیات بنرێ، بێگومان بەرەکەت لەو کارەی نامێنێ وبەرەو پێشەوە ناڕوات.

٣٥. أستغفر الله بكه:

زانای بەناوبانگ حەسەنی بەسری جارێکیان لە مەجلیسێك دانیشتبوون لەگەڵ کۆمەڵە پیاوێك، پیاوێك هاتە خزمەتی شێخ

حەسەنی بەسری وعەرزی کرد:

قوربان لەکاتی بێ بارانیدا چی بکەین باشە؟

شێخ حەسەنی بەسری فەرمووی: بڕۆ أستغفر الله بکە. ئەوەندەی پێ نەچوو، پیاوێکی تر هات و ووتی: قوربان، ئەوە چەند ساڵە ژنم هێناوە ومندالّمان نابێت...دوعایەك...چارەیەك؟ شێخیش فەرمووی: بڕۆ زیکری أستغفر الله بخوێنە!

لەدوای ئەویش یەکێکی تر هات و ووتی: زانای بەڕێز، چی بکەین زەویەکانمان هیچ سەوز ناکات وبەرهەمی نییە! شێخ حەسەنی بەسری فەرمووی: بڕۆ زیکری أستغفر الله بکە....دانیشتوانی مەجلیسەکە زۆر سەریان سوڕما، هەر کەسێك هات وموشکیلەیەکی هەبوو، شێخ حەسەنی بەسری فەرمووی: بڕۆ زیکری أستغفر الله بکە ئەمە چۆنە وبۆ وای فەرموو؟ پاشان شێخ ڕووی کردە مەجلیسەکە وفەرمووی سبحان الله، هەرچی ئەو کەسانە شتێکیان دەکرد خوای گەورە لە قورئاندا باسی کردوون، داوا دەکات کە داوای لێخۆشبوون ولێبوردن بکەن چونکە وا پێ دەچێت کە تەپ وتۆزی تاوان ئەو نیعمەتانەی شاردبێتەوە، بۆیە ئامۆژگاریمان دەکات کە هەردەم أستغفر الله بکەین، وەك

دەفەرموێت ﴿ فَقُلْتُ ٱسْتَغْفِرُوا۟ رَبَّكُمْ إِنَّهُۥ كَانَ غَفَّارًا ﴿١٠﴾ يُرْسِلِ ٱلسَّمَآءَ عَلَيْكُم مِّدْرَارًا ﴿١١﴾ وَيُمْدِدْكُم بِأَمْوَٰلٍ وَبَنِينَ وَيَجْعَل لَّكُمْ جَنَّٰتٍ وَيَجْعَل لَّكُمْ أَنْهَٰرًا ﴿١٢﴾ ﴾ سورة نوح .

٣٦. لەقسەی مێردت دەرمەچوو:

دەگێڕنەوە کە پیاوێك چووە سەفەر وبەخێزانەکەی ووت لە مااڵ نەچیتە دەرەوە، ماوەیەیك تێپەڕی هەواڵ هات بۆ ژنەکە کە باوکی نەخۆشە، ئەویش خەبەری نارد بۆ پێغەمبەرﷺ کە ئایا بچێت بۆ الی باوکی، پێغەمبەرﷺ فەرمووی (أطيعي زوجك) واتە: گوێڕایەڵی مێردت بکە ولەقسەی دەرمەچوو، بەم شێوەیە باوکی وەفاتی کرد وناشتیان پێغەمبەرﷺ هەر دەیفەرموو: لە قسەی مێردت دەرمەچوو پاشان پێغەمبەرﷺ هەواڵی بۆ ژنەکە نارد کە خوای گەورە لە باوکی خۆشبووە بەهۆی دەرنەچونی لە قسەی مێردی.

٣٧. ئازاری مردن

ڕۆژێك جولەکەکان بە حەزرەتی عیسایان ووت (علیه السلام) تۆ تەنها ئەوانەی ئێستا مردوون زیندوو دەکەیتەوە، ئەویش ووتی:

کێتان بۆ زیندوو بکەمەوە وتیان (سام بن نوح) چووە سەر قەبری بانگی کرد، هەڵسایەوە دیتی سەری سپی بووە، کە پرسیاری لێ کرد دەربارەی سپی بوونی سەری، ووتی: کە گوێم لە دەنگت بوو وامزانی ڕۆژی قیامەتە لەترسان سەرم سپی بوو من چوار هەزار ساڵە مردومە ئەوجاش ئەزیەتی مردنم هەر ماوە.

٣٨. حیکمەتی خوای گەورە:

جارێکیان خەلیفە مەنصور دانیشتبوو مێشێك هەر بێزاری ئەکرد ولێی بێ تاقەت بوو، ووتی: بچن یان زانایەکم بۆ بانگ بکەن، ئەوانیش چوون (مقاتلی کوڕی سلێمان) هێنا، خەلیفە منصور ووتی: خوای گەورە لەبەر چ حیکمەتێك مێشی دروست کردووە؟ مقاتل ووتی: بۆ ئەوەی زۆردارانی پێ زەلیل بکات، خەلیفەش ووتی: ڕاست ئەکەیت وئیزنیدا.

٣٩. ئەو ڕووە لە درۆزن ناچێت

کاتێ پێغەمبەرﷺ چووە شاری مەدینە عبدالله‌ی کوڕی سەلام کە جولەکەیەك بوو ووتی: سەیری ڕووخساری پێغەمبەرم کرد واتە محمدیە یەکسەر ووتی: أشهد أن لا إله إلا الله وأن محمد رسول الله

ئەوەم ووت جولەکەکان پێیان ووتم: چی وای لێ کردی ئەی کوڕی سەلام که باوەڕ بە محمد بێنی، عبدالله‌ی کوڕی سەلام پێی ووتن: سوێند بەو خودایەی کە هاوبەشی نییە ئەو ڕووەی محمد لە درۆزن ناچێ بە هیچ شێوەیەك، واتە: پێغەمبەری خوایە.

٤٠. هێشتا ماوتە:

پیاوێك هات بۆ لای ئیبراهیمی کوڕی ئەدهەم ووتی: ئەمەوێ ئەو چەند درهەمەم لێ وەربگرێت ئەویش فەرمووی: ئەگەر دەوڵەمەند بێت لێت وەردەگرم بەڵام ئەگەر هەژار بێت لێت وەرناگرم پیاوەکە ووتی: کەواتە: لێم وەرگری چونکە من پیاوێکی زۆر دەوڵەمەندم لێی پرسی مالّ ودارایت چەندە وا خۆت بە دەوڵەمەند ئەزانیت... ووتی: دوو هەزار درهەمم هەیە، لێی پرسی: ئایا حەز ئەکەیت ئەو دارایەت ببێت بە (٤٠٠٠ درهەم)؟ ووتی: بەڵێ زۆر حەز ئەکەم، ئیبراهیمی کوڕی ئەدهەم پێی فەرموو برۆ تۆ هێشتا دەوڵەمەند نەبوویت ودرهەمەکانت لەگەڵ خۆت هەڵبگرە.

٤١. ئەم جوتیارە خەڵات بکەن:

دەگێڕنەوە ڕۆژێك پادشا وپیاوەکانی بۆ گەشت وگوزار دەچنە دەرەوەی شار پادشا دەبینێت جوتیارەکی پیر بەپەڕۆشیەوە

خەریکی چاندنی چەند نەمامێکی دار گوێزە وبە دەوریاندا دێت ودەچێت، پادشا لەم کارە زۆر سەری سوڕ ئەمێنێ هەرچەند لێکی دەداتەوە ئەم جوتیارە بەتەمەن زۆر پیرە بۆچی وا بەپەرۆشیەوە خەریکی ڕواندنی ئەو دارگوێزانەیە، لێی نزیك دەبێتەوە وپێی دەڵێ: مامە پیرە خەریکی چیت جوتیارەکە بە ڕوویکی خۆشەوە دەڵێت: قوربان خەریکی ڕواندنی دارگوێزم، پادشا ئەڵێت: باشە خۆ تۆ تەمەنت ئەوەندەی بەبەرەوە نەماوە تا لەبەری ئەو دار گوێزانە بخۆیت بۆ ئەوەندە بەپەرۆش ودڵخۆشیت بەو کارەت؟ جوتیارەکەش ئەڵێت قوربان ڕاست ئەفەرمووی پێش منیش پێشینان ئەم کارەیان کردووە ئەوان ڕووانویانە وئێمە بەرهەمەکەیمان خواردووە منیش دەیڕوێنم تا نەوەی داهاتوو بەرەکەی بخۆن، پادشا ئەم وەڵامەی زۆر پێ خۆش ئەبێ ولەبەرامبەر ئەو دڵسۆزی وخۆشەویستییەی کیسەیەك لیرەی پێدا، جوتیارەکە بەشادومانیەوە کیسەکە وەردەگرێ ودەڵێ: گەورەم درەختی خەڵکی پاش چەند ساڵێك بەرئەگرێ وا سوپاس بۆ خوا درەختەکەی من هەریەکە مساڵ بەری گرت پادشا هێندەی تر وەڵامەکەی لاجوان دەبێ وخەڵاتێکی تر دەکاتەوە، پیرەمێردە نورانیەکەش دەڵێ پادشام درەختی خەڵك لە ساڵێکدا یەکجار بەردەگرێ بەڵام درەختەکەی من وا ئەمساڵ دوو جار بەری گرد.

٤٢. جوانه مەرگ:

قازی بەناوبانگی بەغداد ئەبو یوسف ئەگێڕێتەوە ئەڵێت: لە مەجلیسی زانای پایەبەرز (أبو حنيفة) دابووم هەواڵیان دامێ کە کوڕەکەم مردووە منیش یەکێکم سپارد بەدفن کردنی کوڕەکەم بۆئەوەی لە مەجلیسی ئەبو حەنیفە هەڵنەسم ولە زانستی زۆری بێ بەش نەبم!

٤٣. بەسەر هاتێك لە شاخە سەختەكانی چینەوە:

دەگێڕنەوە حەکیمێکی چینی لەگەڵ چەند قوتابیەکدا بەکێوەکانەوە دەژیان، ڕۆژێك لە دووڕەوە ئافرەتێکیان بینی، کەلێی نزیك بوونەوە، سەیر دەکەن ئافرەتەکە بەسەر سێ گۆڕدا شۆڕبووتەوە ودەگری لێیان پرسی: ئەم سێ مردووە چی تۆن وا بە کوڵ بۆیان دەگریت؟ ئەویش لە وەڵامدا ووتی: ئەمەیان گۆڕی باوکمەوە ئەو دوانەشیان گۆڕی براکەم ومێردەکەمە. پرسیان چی لەناوی بردوون ئافرەتەکە ووتی: گیانداری درندەی ئەم کێوانە هەر هەموویان لەناو بردوون. ئەوانیش پێی دەڵێن ئەی تۆ چی دەکەیت لێرەو بۆ ناچی بۆ ناو شار تاوەکو تووشی هەمان دەردنەبیت؟ ئافرەتەکە دەڵێت: چونکە لەشار دەسەڵاتدارێکی زاڵمی لێیە لە

ترسی ئەو هەڵهاتووین...لێرەدا حەکیمەکە بە قوتابیەکانی دەڵێ: بزانن کە کاربەدەستێکی زاڵم لە گیاندارە درندەکانی ئەم کێوانەش بێ بەزەیی ترن.

٤٤. ڕێگام بدە زینا بکەم:

ڕۆژێك پێغەمبەر ﷺ قسەی بۆ هاوەڵان دەکرد لەناکاو گەنجێك خۆی کرد بە ژوورەوە وهاواری کرد ﴿ يَا رَسُولَ اللَّهِ، ائْذَنْ لِي فِي الزِّنَا ﴾ (ڕێگام پێ بدە بە زیناکردن ئەی نێردراوی خودا) دانیشتوان سەریان سوڕما وتورەبوون دای گرتن، بەڵام خۆشەویستی خودای گەورە خۆی تێك نەدا وهاوەڵانی کڕکردنەوە وبانگی گەنجەکەی کرد بە هێمنایەتی مامۆستا لەگەڵ قوتابی وحیکمەتی دکتۆر لەگەڵ نەخۆش، لێی پرسی چیت دەوێت ئەی لاو؟ گەنجەکە ووتی: ڕێگام بدە زینا بکەم، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی ئایا ڕازی دەبیت لەگەڵ دایکت زینا بکەن ووتی: نەخێر، پێغەمبەر ﷺ ووتی: ئایا ڕازی دەبیت لەگەڵ خوشکت زینا بکەن؟ ووتی: نەخێر، ووتی: ئایا ڕازی دەبی لەگەڵ پلکت لەگەڵ مەتیت؟ ووتی: نەخێر پێغەمبەر ﷺ فەرمووی خەڵکیش ڕازی نابن لەگەڵ دایك وخوشك وپلك ومەتیان زینا بکرێت ئینجا گەنجەکە فەرمووی:

دوعام بۆ بکه، ئەوجا پێغەمبەرﷺ فەرمووی ﴿ اللَّهُمَّ كَفِّرْ ذَنْبَهُ، وَطَهِّرْ قَلْبَهُ، وَحَصِّنْ فَرْجَهُ ﴾رواه الطبرانی.

٤٥. هارونە ڕەشید وجولەکەیەک:

جولەکەیەک ئیشی بە هارونە ڕەشید ئەبێ، بۆیە لەبەر دەرگاکەی ئەوەستێ تا هارونە ڕەشید دێتە دەرەوە، پاشان دوای هارونە ڕەشید دێتە دەرەوە، و دوای هارونە ڕەشید ئەکەوێت وپێی ئەڵێ: خۆت بپارێزە لە غەزەبی خوا ئەی گەورەی ئیمانداران هارونە ڕەشیدیش لەسەر ئەسپەکەی دائەبەزێ وسوجدەیەک بۆ خوای گەورە ئەبات، پاشان سەر هەڵئەبڕێ وئەمر ئەکات بە جێ بەجێ کردنی کاری جولەکەکە. کە گەڕایەوە لێیان پرسی: قوربان، بۆ لەبەر قسەی جولەکەیەک لە ئەسپەکەت دابەزیت؟ ئەویش فەرمووی: نەخێر، من لەبەر قسەی ئەو دانەبەزیوم لەو ئەسپەکەم بەڵکو ئەو ووتەیەی خوام کەوتەوە بیر ئەفەرموێ ﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُ ٱتَّقِ ٱللَّهَ أَخَذَتْهُ ٱلْعِزَّةُ بِٱلْإِثْمِ ۚ فَحَسْبُهُۥ جَهَنَّمُ ۚ وَلَبِئْسَ ٱلْمِهَادُ ﴿٢٠٦﴾﴾ سورة البقرة.

٤٦. تەقوا ودەسەلآت:

ڕۆژێك كابرایەك عومەری كوڕی عبدالعزیزی لە قسەیەكدا تووڕە كرد عومەر ویستی تۆڵەی لێ بكاتەوە، بەڵام دانی بەخۆیدا گرت و ووتی: دەتەوێت شەیتانم بەسەردا زاڵ بكەیت وبەهۆی دەسەلآتمەوە تۆڵەت لێ بكەمەوە وتۆش سبەینێ لە قیامەتدا حەقم لێ بكەویتەوە؟ بڕۆ خوا لێت خۆش بێت پێویستیمان بە قسەی تۆ نییە.

٤٧. دراوسێ:

دەگێڕنەوە كە شۆی لێكدابڕانی حەزرەتی یەعقوب(علیە السلام) حەزرەتی یوسف ئەوەبوو كە ڕۆژێك حەزرەتی یوسف (علیە السلام) دانیشتبوو لەسەر سفرەی نان خواردن وگۆشتی سورکراویان لەبەردەم بوو، وە دراوسێیەكی بێ سەرپەرشتیكاریان هەبوو ئەو یەتیمە بۆنی گۆشتی سورکراوی كرد وحەزی لە خواردنی كرد و دەستی بە گریان كرد، وە داپیرێكی پیری هەبوو ئەویش دەستی بە گریان كرد، لەبەر ئەوە خوای گەورە حەزرەتی یەعقوبی(علیە السلام) تاقیكردەوە بە دابڕانی حەزرەتی یوسف وگریان بۆ

٤٨. هاوار نەگەر خودا ڕەحمم پێ نەکات:

دەگێڕنەوە لەوکاتەی ئیمامی عومەر﵁ لەسەرەمەرگ بوو سەری لەسەر ڕانی عەبدوڵڵای کوڕی بوو ئیمامی عومەر فەرمووی (سەرم بخەرە سەر زەوی، دایکت بمرێت هاوار ئەی هاوار! ئەگەر خودا ڕەحمم پێ نەکات) عبداللەی کوڕی عەباس﵁ ووتی: (ئەو ترسە چییە ئەی پێشەوای موسڵمانان خودا لەسەر دەستی تۆ چەندان ووڵاتی ئازاد کرد، چەندان....چەندان..هتد) ئیمامی عومەر﵁ فەرمووی: ٠خۆزگە من دەربچم، نەخێری بۆ من بایە ونە گوناە)

٤٩. گەورەترین دوژمن:

لە کۆندا پیاوچاکێك هەبووە چەند دوژمنێکی هەبوو، ئەم پیاو چاکە شمشێرێکی هەبوو هەموو شەوێك کە دەخەوت سەیرێکی شمشێرەکەی دەکرد وئەم دوعایەی دەکرد (خودایە ئەم شمشێرە بدەی لە ملی دوژمنەکانم)

شەوێکیان ئەم دوعایە دەکات ودەخەوێت، بەڵام لە خەوی دا دەبینێ کە هەمان شمشێرەکە دوعاکەی بەسەرداکردبوو، دێتە ملی

خۆی وخەریکە سەری ببڕێت. بۆ شەوی دووەم وسێ هەمان دوعا دەکات و هەمان خەون دەبینێتەوە، بەڵام بۆ شەوی سێ یەم بەیانییەکەی دەچێ بۆ لای زانایەك کە لە مانای خەو بزانێ خەوەکەی بۆ دەگێڕێتەوە ئەویش پێی دەڵێت: تۆ ووتوتە خوایە ئەم شمشێرە بدەی لە گەورەترین دوژمنم، بەڵام دەزانیت کە گەورەترین دوژمنت نەفستە، کە شمشێرەکە داویەتی لە گەردنی خۆت، چونکە نەفس سەری هەموو خراپەیەکە.

٥٠. بەندەیەکی سوپاسگوزار:

دەگێڕنەوە کە کەس وەکو پێغەمبەری خوداﷺ نەبوو بۆ شەونوێژ ئەوەندە شەونوێژی دەکرد هەتا پێیەکانی ئەستوور ببون، لێیان پرسی ئەی پێغەمبەرﷺی خودا ئایا خوداە گەورە لە هەموو گوناهەکانت خۆش نەبووە؟ بۆ ئەوەندە خۆت هیلاك دەکەیت؟ ئەویش فەرمووی دەی کەواتە بەندەیەکی سوپاس گوزار نەبم.

٥١. ئایا ناترسێی:

دەگێڕنەوە سعیدی کوڕی موسەیبە کچێکی زۆر بەتەقوا وجوانی هەبوو کە ناوبانگی گەیشتبووە وولاتی شام لای (هیشامی

کـوڕی عبـدالملك) وه هیشـام یـەکێکی نـارد بـۆ ئـەوەی کچـەکه بخوازێ بۆ کوڕی خۆی، که کابرایەکه گەیشته مزگـەوتی پێغەمبـەر دیتی سعید خـەریکی دەرس ووتنەوەیـە بـه قوتابیـەکانی، لـەپاش سەلام وخۆپێ ناساندنی داوای کچەکەی کرد، ئەویش ئـەو داوایـەی ڕەت کردەوه چونکه کوڕی هیشام پیاوێکی باش نەبوو قاسـیدەکه ویسـتی سـعید بترسـێنێت پێـی ووت: ئایـا قسـەی خەلیفـەی موسڵمانان ڕەت دەکەیـەوه ئایا ناترسـێی سعید وەکـو پاڵەوانێك جوابی دایەوه و ووتی: ﴿۞ إِنَّ ٱللَّهَ يُدَٰفِعُ عَنِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ ... ﴾ سورة الحـج، پیاوەکه گەڕایەوه بە دەست بەتاڵی کە سعید هاتەوه لای قوتابیان لەو کاتە قوتابیەکی هات کە سێ ڕۆژ بوو دیار نـەبوو کە پرسیاری لێ کرد ووتی: خێزانم وەفاتی کرد خـەریکی تەعزیـەی بـوو سـعید پێـی ووت: بـۆ ئێمـەت ئاگـادار نـەکردەوه بـۆ ئـەوەی یارمەتیمان دابای، ووتی: نەم ویست لـە دەرس ودیراسـەت بکـەم، ئیمامی سعید ووتی: غەم مەخۆ (من) ژنـت بـۆ دەهێـنم قوتابیەکـه سەری سوڕما ئایا مامۆستا مەبەستی لە چییە، ئایا یارمەتیم دەدا، ئایا پارەم دەداتێ نەیزانی مەبەسـتی چـییە، کـه سـعید گەڕایـەوه ماڵ وەزعەکەی بۆ کچەکەی گێڕایەوه وحاڵی کـرد، چـووه لای أبـو

وداعه پێی ووت: ئایا ڕازی کچی خۆمت بدەمێ؟ أبا وداعه سەری سوڕما؟ ئەوە مامۆستا چی دەڵێ، ئەوە خەلیفەی موسڵمانان هاتینە داخوازی ڕازی نەبووە بیداتێ چۆن دەدات بە ئەو! بە هەر شێوەیەك بێت بەم هەموو خەیاڵەوە گەڕایەوە ماڵ، کەئێوارە داهات دەنگی دەرگا هات کە چوو بیکاتەوە دیتی مامۆستای خۆی کچەکەشی ڕازاندۆتەوە ولەگەڵی دایە، هەر بەتەواوی واقی وڕما لەم کارە، ئەوجا جیرانەکانی ئاگادارکردنەوە چەند ڕۆژێك لەگەڵ کچەکە بوو، پاشان ڕوخسەتی لێ وەرگرت کە بچێتەوە لای بابی بۆ دەرس خوێندن کەچی کچەکە پێی ووت: غەمت نەبێت من لێرە دەرسەکانت پێ دەڵێم.

٥٢. کتێبی بەڵگە لەسەر بوونی خوا:

پیرەژنێك ئەڕۆیشت بەڕێگادا، گەیشت بە عەرەبێکی بیابان نشین ووشترێکی بارکردبوو، دیاربوو بارەکەی زۆر قورس بوو، لێی پرسی ئەم دیاریە قورسەت بۆ کێیە؟ ئەویش ووتی: دایە گیان دیاری نییە ڕێنیشاندەرمە پیرەژنەکە ووتی: ئەو نیشاندەرەت چییە؟ عەرەبەکە ووتی: ئەم بارە تۆ ئەبینیت هەمووی بەڵگەیە لەسەر بوونی خوا!! پیرەژن ئەمە بیست، دەستی کرد بە

پێکەنین، عەرەبەکە ئەو پێکەنینەی پێ ناخۆش بوو..بۆیە بەسەر سوڕمانێکەوە ووتی: ئەی پێم نەووتی هەمووی کتێبە، ئیتر ئەم پێکەنینەت لەچی؟! پیرەژنەکەش ووتی: ڕۆڵەگیان بە تۆ پێناکەنم بەڵکو پێکەنینم بەو کەسە دێت کە ئەم بونەوەرە گەورە وبێ پایانە دەبینێت کەچی هێشتا باوەڕ ناکات وئەڕوات دوای بارێك کتێب دەکەوێت وناوی ئەنێت کتێبی بەڵگە لەسەر بوونی خوا!!

٥٣. نزایەکی دڵسۆزانە:

جارێکیان عبداللەی کوڕی مەسعود رضي الله عنه دەچێتە بازاڕ بۆ کڕینی هەندێ پێویستی ماڵەوە بەڵام پێش گەیشتن بە جێگەی مەبەست وکڕینی پێویستییەکانی ئەو بڕە خەرجییەی کە پێی دەبێت لێی دەدزن، کاتێك کە بەخۆی دەزانێت کە خەرجیەکەیان لێ دزیوە خەڵکەکەی دەوروبەری بەحاڵی دەزانن کە خەرجیەکەیان لێ دزیوە دەست دەکەن بە دوعاکردن لە کابرای دز دوعای خراپی لێ دەکەن، بەڵام عبدالله‌ی کوڕی مسعود رضي الله عنه دوعای خەڵکەکەی پێ ناخۆش دەبێت وخۆی هەردوو دەستەکانی بەرزدەکاتەوە وئەم دوعایە دەخوێنێت "اللهم إن كنت تعلم إن الذى سرق نقودى فى حاجة اليها فبارك له فيها، وإن كنت تعلم إنه فى غير حاجة اليها،

فجعلها آخر معصية فی حياته"

واتە: خوایە خۆت باش دەزانیت ئەمەی ئەوەی کە پارەکەی لێ دزیم ئەگەر پێویستی بەو پارەیە نەبووە وەەر دەستی پیس وخراپەکارە خوایە ئەم کارەی بۆ بکەیتە ئاخر گوناە لە ژیانیدا، بەمانای دوای ئەم کارە خراپەیە هیچ کاری خراپی تری لێ نەوەشێتەوە.

٥٤. مردن بۆ هەموو کەسێکە:

کاتێک خوای گەورە ویستی گیانی ئیبراهیم(علیە السلام) بکێشێت فریشتەی گیان کێشان (ملك الموت) ی نارد بۆ لای، پاش ئەوەی ئیبراهیم لە هاتنی ئەم فریشتەیە گەیشت پێی ووت (بە پەروەردگارم بڵێ چ خۆشەویستێکت دیوە گیانی خۆشەویستەکەی بکێشێت)، دوای ئەوە فریشتەکەش قسەکانی گەیاند بە خوا بێ گومان خوای گەورەش پێش ئەوەی ئیبراهیم(علیە السلام) قسەبکات دەیزانی چی لەدڵدایە، جا خوای گەورەش فەرمووی: پێی بڵێ ئەی ئیبراهیم ئەی تۆ چ خۆشەویستێکت دیوە حەز بە چوونە لای خۆشەویستەکەی نەکات، جا ئیبراهیم(علیە السلام) قسەی نەما وفریشتەی گیان کێشانیش فەرمانەکەی جێ بەجێ

کرد.

٥٥. بەزەیی پیاهاتنەوە

عبدالله‌ی کوڕی عامر رضی الله عنه خانویەکی کڕی لە خالیدی کوڕی عوقبە بە ٩٠ هەزار پەنجایی پاشان کە شەو داهات عبدالله گوێی لە گریانی مالّ ومندالّی خالد بوو بە خێزانەکەی ووت: ئەوە بۆ ئەوانە ئەگرین؟ خێزانەکەی ووتی: بۆ خانووەکەیان ئەگرین، عبدالله بە بەندەکەی ووت: بڕۆ پێیان بڵێ: خانووەکە ومالّەکە بۆ خۆیان.

٥٦. خۆت پەنا بدە بە خوا:

جارێکیان جولەکەیەک ئیشی بە هاڕونە ڕەشید رضی الله عنه ئەبێ ولەبەر دەرگای ڕائەوەستێ تا هاڕون دێتە دەرەوە، پاشان لەدوای ئەڕوات وپێی ئەڵێت: ئەی گەورەی ئیمانداران خۆت بپارێزە لە غەزەبی خوا، هاڕونە ڕەشیدیش رضی الله عنه لەسەر سواریەکەی دێتە خوارەوە وسوجدەیەک بۆ خوای گەورە ئەبات پاش بردنی سوجدەکە ئەمر ئەکا بە جێ بەجێ کردنی کاری جولەکەکە، کە گەڕایەوە لێیان پرسی: قوربان بۆ لەبەر قسەی ئەو جولەکە

لەسواریەکەت دابەزی؟ ئەویش فەرمووی نەخێر من لەبەر قسەی ئەو دانەبەزیم بەڵکو ئەو فەرموودەیەی خوام کەوتەوە بیر کە ئەفەرموێ﴿ وَإِذَا قِيلَ لَهُ ٱتَّقِ ٱللَّهَ أَخَذَتْهُ ٱلْعِزَّةُ بِٱلْإِثْمِ ۚ فَحَسْبُهُۥ جَهَنَّمُ ۚ وَلَبِئْسَ ٱلْمِهَادُ ﴿٢٠٦﴾ ﴾ سورة البقرة.

٥٧. سەرتاشێکی زیرەک:

ئیمامی ئەبو حەنیفە دەگێڕێتەوە بۆمان کە جارێکیان لە زیارەتی مالّی خوادا چەند هەڵەیەکم کرد بەڵام سەرتاشێك بۆی ڕاست کردمەوە وڕێنمویی کردم منیش لەقسەی دەرنەچووم ئەویش ئەوە بوو کە کاتێك ویستم لە (أحدام) دەرچم وچووم بۆ لای سەرتاشەکە ووتم: بەچەند سەرم بۆ چاك دەکەیت؟ سەرتاش ووتی: خوا هیدایەتت بدات، عیبادەتەکەی بەپارەیە ونرخی بۆ دادەنرێ؟ دانیشە چەندت توانی بدە. ووتم: بەڕاستی شەرمەزار بووم وپاشان دانیشتم لەسەر کورسی سەرتاشەکە بەڵام پشتم کردە قیبلە. سەرتاش ووتی: هەستە پشت مەکە قیبلە بەڵکو ڕوو بکە قیبلە، جارێکی تر شەرمەزار بووم ئینجا لای چەپی سەرم خستە بەردەستی؟

سەرتاش ووتی: لای ڕاستی سەرت بهێنە بەر دەستم نەك لای چەپ، پاشان دەستی کرد بەچاك کردنی منیش هەر بێ دەنگ بووم وسەرم سوڕما لەم سەرتاشە کە ئەم زانیاریانە لەکوێ فێربووە. سەرتاش ووتی: ئەوە بۆ بێ دەنگ دانیشتووی بۆچی یادی خوا ناکەیت؟ منیش دەستم کرد بە زیکر هەتا تەواو بووم و ویستم هەڵسم بڕۆم.

سەرتاش ووتی: بۆ کوێ دەچیت؟

منیش ووتم: دەچمەوە بۆ لای کاری خۆم.

سەرتاش ووتی: پێش ئەوەی بڕۆیت دوو ڕکعات نوێژ بکە ئینجا بڕۆ.

منیش دوو ڕکعات نوێژم کرد ولە دڵی خۆمدا ووتم: ئەم سەرتاشە دەبێت شارەزایی چاکی هەبێت لەبەر ئەوە پرسیارم لێ کرد تۆ ئەم زانیاریانە لە کوێوە فێربووی؟

سەرتاش ووتی: ئەمانەی کە پێم ووتیت هەمووی لە عطای کوڕی أبی رباح دیوومە ومنیش ڕێنموویی خەڵکی پێ دەکەم.

٥٨. چ بچینی ئەو دەدووریتەوە:

ئەگێڕنەوە ڕۆژێك پیاوێك دانیشتبوو ولەگەڵ خێزانەکەیدا

نانیان ئەخوارد ومریشکێکی سورکراو لەبەر دەستیانا بوو لەو کاتەدا هەژارێك دای لە دەرگا بەڵام پیاوەکە دەری کرد وقاپی لێ نەکردەوە، کات هات وچوون ئەم پیاوە کە دەری کرد و وە ژنەکەی تەڵاق دا ولەیەك جیابوونەوە، ئەم ژنە شووی بە پیاوێکی تر کرد وپۆژێکیان هەروەك جاری پێشوو لەگەڵ پیاوەکەیدا نانیان ئەخوارد مریشکێکی برژاو لەبەر دەستابوو هەر لەو کاتەدا هەژارێك دای لە دەرگا پیاوەکە بە ژنەکەی ووت: ئەو گۆشت ونانەی بۆ بەرە بەڵێ کاتێ کە ژنەکە دەرگای کردەوە بینی پیاوە پێشوەکەیەتی، گەڕایەوە ژوورەوە دەستی کرد بە گریان، پیاوەکەی ووتی: چی گریانتی ووتی: ئەو هەژارە مێردە پێشووەکەم بوو بۆ ئەوە گریام ژنەکە سەرگوشتەی ئەو مریشکەی بۆ گێڕایەوە کە لەگەڵ مێردە پێشویەکەیدا خواردیان، هەژارێك هات وپیاوەکەی دەرگای بۆنەکردەوە خێرا پیاوەکە ووتی: بەخوا ئەو سوالکەرە من بووم جوانە بەڕاستی خوای گەورە ئەفەرموێ

﴿ وَأَمَّا ٱلسَّآئِلَ فَلَا تَنْهَرْ ﴿١٠﴾ ﴾ سورة الضحى.

٥٩. بۆ بەرد بارانی دراوسێیەکەم هاتووم:

دەگێڕنەوە ئیمامی ئەبی حەنیفە دراوسێیەکی هەبوو بەیانی تا ئێوارە کاری دەکرد، کە شەو دەگەڕایەوە نانی دەخوارد پاشان دەستی دەکرد بەخواردنەوەی مەشروب، تا مەست دەبوو، پاشان بەدەنگێکی بەرز دەیگوت: (أضاعونی، أضاعونی، والی فتی أضاعو الیوم کریهه وسداد ثغر).

ئەم شیعرەی هەر دووبارە دەکردەوە تا خەوی لێ دەکەوت وە ئیمام ئەبی حەنیفەش هەر خەریکی نوێژ ویادی خوا بوو هەرچەندە زۆر ئەزیەتی بەم دراوسێیە دەخوارد، بەڵام ئارامی دەگرت. تا شەوێك گوێی لە دەنگی نەبوو، کە پرسیاری کرد، ئەوە گیراوە لە بەندیخانەیە ئیمامی ئەبی حەنیفە کە نوێژی بەیانی کرد سواری ئێسترەکەی بوو بەرەو مااڵی پێشەوا کەوتە ڕێ وپێشوازی باشیان لێ کرد ئەویش ووتی: بۆ بەردانی دراوسێیەکەم هاتووم پێشەواش لەبەر ئیمام ئازادی کرد ئینجا ئەبی حەنیفە ووتی: ئەی گەنجە ئایا تۆمان بزرکردووە ئەویش ووتی: نەخێر بەڵکو تۆمان پاراستووە وخوای گەورە جەزای بەخێرت بداتەوە، وە گەنجەکە تەوبەی کرد وئەو کارە خراپەی کە دەی کرد تەرکی کرد.

٦٠. هەژار ودەوڵەمەند :

پیاوێکی دەوڵەمەند برادەرێکی هەژاری هەبوو، یارمەتی دەدا وداواکاریەکانی جێ بەجێ دەکرد....سااڵ هات وسااڵ ڕۆیی... دەوڵەمەندەکە هەژار بوو وهەژارەکەش دەوڵەمەند بوو، بەاڵم دەوڵەمەندەکەی ئێستا وهەژارەکەی دوێنێ یارمەتی برادەرەکەی نەدەدا ولەڕێگای خۆی خۆی لێ الدەدا، هەتا ڕۆژێك پێك گەیشتن وهەژارەکەی ئێستا پێی ووت:

ترانی مقبلا فتصدعنی

وتزعم أننی أبغی رضاکا

سیغنینی الذی أغنـاك عنی

فلا فقری یدوم ولاغناکه

٦١. بەگوێرەی پێویستی یان نیعمەت:

پێشەوا (لیث ی کورِی سعد) پیاوێکی دەوڵەمەند وپارەدار بوو، هەموو ڕۆژێك هەزار دینار قازانجی دەکرد بەاڵم هەرگیز زەکاتی نەئەدا، چونکە ئەوەندە پارە الی کۆنەئەبوەوە تا زەکاتی لێ بدات هەمیشە یارمەتی هەژارانی لێ ئەدا، دەستی یارمەتی بۆ درێژئەکەن...جارێکیان ئافرەتێك داوای هەندێك هەنگوینی لێ دەکات ئەویش ئەفەرموێت: پڕ گۆزەیەك هەنگوینی بدەنێ، ئەڵێن

خۆ ئەو ئافرەتە بە کەمتریش ڕازی ئەبوو، بۆچی ئەو هەنگوینەت پێدا؟ فەرمووی: ئەو بەقەدەر پێویستی خۆی داوای لێمان کرد...ئێمەش بەقەدەر نیعمەتی خوای گەورە بەسەرمانەوە بەشماندا.

٦٢. خۆشەویستی خوای گەورە

(إبن عباد)کە پیاوچاکێکە، کوڕێکی هەبوو زۆر خۆشی ئەویست، جارێکیان توند کوڕەکەی نووسان بە سنگی خۆیەوە وماچی کرد، منداڵەکە ووتی: بابە گیان منت خۆش ئەوێت؟ باوکی ووتی: بەڵێ تۆم زۆر خۆش ئەوێ ئەی کوڕی خۆشەویستم...منداڵەکە ووتی: ئەی خوای گەورەت خۆش ئەوێت؟ باوکی ووتی: بەڵێ، کوڕی خۆم، خوای گەورەشم خۆش ئەوێت...منداڵەکە ووتی: بابە، ئەی چەند دڵت هەیە؟ باوکی ووتی: تەنها یەک دڵم هەیە...منداڵەکە ووتی: چۆن دوو خۆشەویست لەناو یەک دڵدا جێی ئەبێتەوە؟ ئا لێرەدا (إبن عباد)بیری کردەوە بۆی دەرکەوت کە قسەی کوڕەکەی ئیلهامی خواییە، لەسەر ئەوەی کردی پەشیمان بووەوە ودڵی تەرخانکرد بۆ پەروەردگاری خۆی.

٦٣. پاکی سەربازێکی هەژار

سەربازێك لەسەردەمی فتوحاتی ئیسلام دا ئەچێت بۆ شوێنی کرپین وفرۆشتنی مەڕ ومالآت لەوێ جەوەنەیەك دەکڕێت بە (یەك درهەم) تا پێداویستی خۆی تێدا هەڵبگرێت پاشان دەگەڕێتەوە بۆ شوێنەکەی خۆی وجەوەنەکە دەکاتەوە بڕێکی زۆر ئالتون وبەردی بەنرخی تێدا دەبینێ، ئەویش وەك قوتابیەکی قوتابخانەکەی محمد خێرا دەچێتەوە بۆ لای خاوەنەکەی وپێی دەڵێت پەشیمان بوومەتەوە لەجەوەنەکە (یەك درهەم) هەکەشم بدەرەوە پاشان دەگەڕێتەوە بۆ سەربازگەکەی خۆی فرۆشیارەکە پاش ماوەیەك جەوەنەکە دەکاتەوە وئالتونەکان دەبینێ زۆر بەلایەوە سەیر دەبێت بۆیە خێرا بانگەواز بڵاودەکاتەوە وداوا دەکات کە سەربازەکە خۆی بناسێنێ تا دیارەییەکی پێشکەش بکات بەڵام هەرچەند ئەکات لەبەر قەرەبالغی سەربازگەکە ناتوانێت سەربازەکە بناسێت، تا ئەمڕۆش خوای گەورە نەبێت کەس ناوی ئەو سەربازەی نەزانی.

٦٤. کۆچ کردن لە پێناوی زانست وزانیاری

(یحیی ی کورِی یحیی ی تەمیمی)کە یەکێکە لە مامۆستاکانی ئیمامی بوخاری خەڵکی ئەندەلوسە بەمەبەستی خوێندن وزانست

لە ئەندەلووسەوە بەپێ دەکەوێتە ڕێ بۆ شاری مەدینە وەدەچێتە خزمەتی ئیمامی مالیک، یحیی بۆمان دەگێڕێتەوە وەڵێت ڕۆژێکیان لەگەڵ قوتابییە هاوڕێکانی ترمدا لە خزمەتی ئیمام مالیکدا خەریکی دەرس خوێندن بووین یەکێك هات و ووتی: ئەوە فیلێکیان هێناوە وەرن با سەیری بکەین قوتابییەکانی ئیمام مالیك بەپەلە چوون بۆ سەیری فیلەکە تەنها من مامەوە ئیمام مالیکیش پێی ووتم: ئەی تۆ بۆ ناچی بۆ سەیری فیل، خۆ لە ئەندەلووس فیلی لێ نییە منیش لە وەڵامدا پێم ووت مامۆستا گیان من لە ئەندەلووس هاتووم بۆ ئێرە بۆ فێربوونی زانست وزانیاری وبینینی تۆ نەهاتووم بۆ سەیرکردنی فیل ئیمامی مالیکیش پەسندی دەکات وناوی دەنێت ژیری ئەندەلووس.

٦٥. پاڵەوانی ئیسلام

پێش شەڕی یەرموك بەماوەیەك دوای ئەوەی هەردوو لەشکری موسڵمانان وڕۆمە (بێزەنتی) یە مەسیحیەکان بە سەرۆکایەتی (جرجە) چوونە بەرامبەر یەك (جرجە) خالیدی بانگ کرد، کە پێش دەستپێکردنی شەڕ با هەندێك قسە بەیەکەوە وپەیمانیان دا وکەوتنە گفتوگۆ، جرجە خالید ڕاستم لەگەڵدا بکە وبێ درۆ خالید

پیاوی سەربەست درۆناکات، جرجە فێڵم لێ نەکەیت خالید مرۆڤی بەخشندە فێڵ لەو کەسە ناکات کە بۆ لای دەنێررێت، جرجە باشە خوا شمشێرێکی لە ئاسمانەوە ناردوەتە خوارەوە بۆ پێغەمبەرەکەتان وە بیدا بە تۆ بچیتە سەر هەر کۆمەڵ وتیرەیەک سەرکەوی بەسەریاندا، خالید خوا پێغەمبەری نارد بۆ ناومان من یەکێک بووم لەو کەسانەی باوەڕم پێ نەکرد ودژی وەستام لە دواییدا خوای گەورە هیدایەتی دام وکەوتمە شوێن بانگەوازەکەی وباوەڕم پێ هێناوە پێغەمبەری خواﷺ پێی فەرمووم تۆ شمشێری خوایت بۆ شکاندنی ئەوانەی شەریک بۆ خودا بڕیار دەدەن ودوعای بۆ کردم، جرجە پێم بڵێ ئێوە بۆچی خەڵک بانگ دەکەن، خالید بۆ ئیسلام یان ئەگەر ڕازی بوو بەوەی ئێمە وواڵات بەڕێوەبەرین ئەو ساڵانە یەک بدات وەک چۆن ئێمە زەکات دەدەین گەر ڕازی نەبوو شەڕی لەگەڵدا دەکەین جرجە شوێنی ئەو کەسە کوێیە کە بە دەنگتانەوە بێت وبێتە ناوتان خالید یەک شوێنمان هەیە وەک یەکین، جرجە باشە وەک ئێوە پاداشتی وەردەگرێ، خالید بەڵکو زیاتر چونکە ئێمە دوای پێغەمبەرﷺ کەوتین زیندووبوو خۆی قسەی بۆ دەکردین لە شتە شاراوەکان شتی زۆر سەیر وسوڕهێنەر [illegible] لێ دەدی وئایات وبەڵگەی خودای بۆ دەگێڕاینەوە

وپیشانی دەدایـن وە ئـەوەی دیمـان بەڕاسـتی نـەمان دەتـوانی باوەڕی پێ نەکەین یان ئەوەی گوێمان لێدەبوو تەنها هەر ملکەچی دەکردین وباوەڕمـان پێـدەکرد، وە ئێـوە وەك ئێمـە پێغەمبـەرتان نەدیوە وەك ئێمە گوێتـان لـە قسـەی نـەبووە وە هـەر کەسێك لـە ئێوە بەنیەتی ڕاستەوە بێتە نـاو موسـڵمانانەوە وبـاوەڕ بهێنـێ لـە ئێمـە زۆر چـاکتر وبـەڕێزترە لـەلای خـوای گـەورە، بـەڵێ جرجـە هەڵگەڕایەوە لە کۆمەڵەکەی لەگەڵ خالید ڕۆیشت وموسڵمان بـوو و ووتی ئیسلامم فێربکە، خالید لەگەڵ خۆیدا بردی بۆ فوسگاگ ئاوی بـۆ هێنـا وفێـری نوێـژی کـرد، وە لەگـەڵی ڕۆیـی وە شـەهید بـوو لەشەڕی گەورەی ڕۆمەکاندا. بە ئیمانەوە سەری نایەوە.

٦٦. ئاشت بوونەوە

پێشـەوا حسـین ی کـوڕی عـەلی رضی الله عنه، لەگـەڵ محمـد حنیفـەی بـرای ساردی یەك ئەکەوێتە بەینیانەوە ولەیـەکتری جیادەبنـەوە، محمـد حنیفە نامەیەك بۆ حسین ی برای دەنوسێت کەئەمە دەقەکەیەتی:

﴿بسم الله الرحمن الرحيم﴾ لـە محمـدی کـوڕی ئـەبو تالیبـەوە بـۆ بـرای بـەڕێزم حسـین ی کـوڕی علـی کـوڕی ئـەبو تالیـب. پاشـان: تـۆ شەرەفێکت هەیە من پێی ناگەم... فـەزڵ وڕێزێکـت هەیـە کـە مـن

نیمه... هەر کە ئەم نامەیەی منت خوێندەوە، بەزووترین کات جلەکانت لەبەر بکە وپێڵاوەکانت لەپێی کەوە وەرە ئاشتم بکەرەوە وپازیم بکە...ئەگەر نا ئەوا من ئەو فەزڵە دەستی خۆم دەخەم کە شایەنی تۆیە! هەر کە پێشەوا حوسێن ئەم نامەیەی خوێندەوە یەکسەر هەستا وچوو محمد حنیفەی بۆ ئاشت کردەوە.

٦٧. کێ حیساب لەگەڵ خەڵك دەکات؟

دەگێڕنەوە کە کابرایەکی دەشتەکی هاتە لای پێغەمبەرﷺ ووتی: ئەی پێغەمبەری خوا کێ حیساب لەگەڵ خەڵك دەکات؟ پێغەمبەر فەرمووی (خودا)، کابرایەکە ووتی: خودا خۆی، پێغەمبەر (بەڵێ، بەخۆی) کابرایەکە پێکەنی، پێغەمبەرﷺ فەرموی: (بەچی پێ دەکەنی ئەی کابرا؟) ئەویش ووتی: (لأن الكريم إذا قدر عفا وإذا حاسب سامح)

پێغەمبەرﷺ فەرمووی(وصدق الأعرابی الا كريم أكرم من الله هو أكرم الأكرمين)

٦٨. گەورەیی صەلاوات لێدان؟

دەگێڕنەوە لە وولاتێکی ئیسلامی لە گوندێك کە سەرچاوەی ئاویان تەنها کانیاوێك بوو، ڕۆژێك ئەو کانیاوە ووشك بوو وئاوی تیا نەما، وە خەڵکەکە خەریك بوو لە بێ ئاوی تیا بچن وخەڵکەکە دەستیان کرد بە گریان، لەو کاتە ئافرەتێکی جل شۆری لاوازە هات دەستی کرد بە دوعا وپاڕانەوە لەسەر کانیاوەکە، لەناکاو ئاوەکە هاتەوە کانیاوەکە، خەڵك هەموو کەیفی خۆش بوو، کە زانایێك لەو گوندە بوو ناوی(ئیمامی جزولی) بوو کەبەمەی زانی، چووە لای ژانەکە وداوای لێ کرا ئایا بە چ شتێك گەیشتۆتە ئەم پلەوە؟

ژنەکەش ووتی: بە صەلاوات لێدانی بەردەوام لەسەر پێغەمبەرﷺ، ئەوجا ئیمامی جزولی لە خوا پاڕایەوە کە خوای گەورە یارمەتی بدات بۆ ئەوەی کتابێك لەسەر گەورەیی صەلاوات ومەدحی پێغەمبەرﷺ دابنێت، ئەوە بوو خوای گەورە یارمەتی دا وکتابی (دلائل الخیرات) ی دانا.

٦٩- بەخشین وسزا لە یەك کاتدا:

پیاوێك دێتە مەجلیسی ئەبو جەعفەری مەنصور، بۆ دەرخستنی توانا وزیرەکی خۆی، دەرزییەك هەڵ دەدات

دەیچەقێنێتە دیوارەکەی بەرامبەری دەرزییەکی تر هەڵ ئەدات، دەیخاتە کونی دەرزی یەکەمی، بەو شێوەیە تا دەگاتە ٥٠ دەرزی، هەریەکە دەخاتە کونی ئەوی تریانەوە، خەلیفە ئەم کارەی زۆر بەلاوە سەیر بوو، فەرمان ئەکات ١٠٠ دیناری بەخشیش بدەنێ و ١٠٠ داریش لێ بدەن...کابرا لەم دو هەڵوێستەی خەلیفە زۆر سەری سوڕما، بەپەشۆکاویەوە ووتی: بۆچی خەڵاتم ئەکەیت ولەلایەکی تر دارکاریم ئەکەیت؟ ئەبو جەعفەری مەنصور ووتی: ئەو خەڵاتە بۆ ووریایی ولێهاتوویی وزیرەکییەتە، بەڵام لێدانی ئەو ١٠٠ دارە، سزای ئەوەیە کە کاتی خۆت لەکارێکدا بەسەررت بردوە، کە هیچ سودێکی بۆ کەس نەبووە وسوود بەکەس ناگەیەنێ.

٧٠- ئەعرابیەکی تێگەیشتوو:

جارێکیان ئەعرابیەك هاتە خزمەت پێغەمبەرﷺ پرسیاری لێ کرد: ئەی پێغەمبەری خوا لە قیامەتدا کێ مەحاسەبەی خەڵك ئەکات پێغەمبەری خواﷺ فەرمووی: خوای گەورە ئەعرابیەکە ووتی: خوا خۆی بەخۆی محاسەبەمان دەکات؟

پێغەمبەری خواﷺ فەرمووی: بەڵێ....ئەعرابیەکە لەخۆشیانا زەردەخەنەیەکی گرتی. پێغەمبەرﷺ فەرمووی: ئەی ئەعرابی بە چ

دڵخۆشی؟ ئەعرابیەکە ووتی: کەریم ئەگەر دەسەڵاتی هەبوو لێبوورده وبەخشندەیە.

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: پاستت ووت هیچ کەریمێك بەقەدەر خوا کەریم وبەخشندە نییە وئەو (أكرم الأكرمين)ـە پاشان پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: بە هاوەڵەکانی: ئەو ئەعرابیە تێگەیشتووە!!

٧١- بڕۆن بیکوژن:

جارێکیان کابرایەك چووە داخوازی ئافرەتێك، بەڵام ماڵەکە ڕازی نەبوون وداواکەی ڕەت کردەوە، پاش چەند ڕۆژێکی تر کابرایەکە چووە ماڵەکەوە و ووتی پێغەمبەر ﷺ منی ناردووە کە ئەم ئافرەتەم لێ مارە بکەن، پێغەمبەریش ﷺ پێی نەوتبوو، ماڵەکەش ووتیان ئێمە داوای پێغەمبەر ڕەت ناکەینەوە وکچەکەیان پێدا، کە پێغەمبەر ﷺ بەمەی زانی ووتیە صەحابەیەك بڕۆن بیکوژن هەرچەندە ئێوە ناگەن بەو کە دەمرێت پاشان دووپشك پێی وەدا ومرد. بۆیە لەو کاتەوە پێغەمبەر ﷺ ووتی: هەر کەس قسەی هەڵە بەناوی من بکات ئەوە شوێنێك لە شوێنەکانی دۆزەخ بۆ ئەوە.

٧٢- لەم جێگایە گوناهێکم کردووە:

ئیمامی مالیکی کوڕی دینار لە ڕۆژێکی زۆر سارد سەیری کرد (عتبة الغلام) لەبەر ئەو سەرمایە کراسێکی دڕاوی لەبەرە وئارەقەی کردووە، ئیمامی مالیك پێی ووت: بۆ لەم جێگایە وەستاوی! ؟ ئەویش فەرمووی: ئەی مامۆستای من لەم جێگایە گوناهێکم کردووە، وە لەبەر گوناهەکەی کە کردوویەتی لە شەرمی خودای گەورە ئارەقەی پێدا دەهاتە خوارەوە.

٧٣- بەخشین لە پێناو خوای گەورە :

(فاطیمەی کچی (عبدالملیكی کوڕی مەڕوان) لە قوتابخانەکانی ئیسلام ڕەوشتی وەرگرتبوو باوکی فاطیمة خەلیفە بوو (عبدالملیكی کوڕی مەڕوان) بوو، وە مێردەکەشی خەلیفە بوو کە عومەری کوڕ عبدالعزیز بوو، وە چوار براشی هەبو هەموویان خەلیفە بوون لەمانە: (وەلید، سولەیمان، یەزید، هیشام) کاتێ فاطیمة داخوازی کرا بۆ عومەر وشیرینی خورایەوە ئەو ڕۆژە عومەر مرۆڤێکی عادەتی بوو خاوەنی کورسی خەلافەت نەبوو داوای زێڕ وجەواهیرێکی زۆر کرا لە بۆ فاطیمة، دوای ئەوە کە بووبە خەلیفە عومەر بانگی فاطیمەی کرد ووتی: هەڵ بژێرە فاطیمة پێی ووت چی

هەڵبژێرم، ئەی گەورەی موسڵمانان، ووتی یا زێڕ وجەواهێرات یا عومەری کوڕی عبدالعزیزﷺ، فاطیمة ووتی: سوێند بەخوا هیچ شتێك هەڵ نابژێرم بەسەر تۆدا ئەی عومەر، فەرمووی ئەوە زێڕەکانمە وئەوا جەواهێرەکانمە عومەر لێی وەرگرت وبردی لەناو بیت المال ی موسڵمانانداو دای نا بۆ ئەوەی فەقیری وواڵات سوودی لێ وەربگرن، فاطیمة بە عومەری گووت: منیش وتۆش بەفیدای خوای گەورە بین وبەفیدای پێغەمبەری خوا بینﷺ، ئەو جەواهێرانەی کە هەی بوو هیچی نەما عومەر نانی ووشکی ئەخوارد.

٧٤- زانیاری لە ڕێی خوادا:

محمدی کوڕی سولەیمان ئەمیری بەصرە چووە لای حەمادی کوڕی سەلەمە کە یەکێك بوو لە زانایانی ئەو سەردەمەی شاری بەصرە ودوای ئەوەی چۆکی دادا بەرامبەری لێی پرسی: ئەی ئەبا سەلەمە، بۆچی هەر جارێك سەیری تۆ دەکەم ترس هەموو گیانم دادەگرێ ولەترساندا دەکەومە لەرزین؟

ئەویش لەوەڵامدا فەرووی: ئەو کەسەی کە زانایە، ئەگەر ئەو زانیاریەی بۆ خوا فێربووبێ ئەوە هەموو شتێك لێی دەترسێ...، بەڵام ئەگەر بۆ کۆکردنەوەی مالّ وسامان ودارایی فێری زانیاری بێت، ئەوە لە هەموو شتێك دەترسێ.

٧٥ ـ سجدەی دریژ:

ڕۆژێک لە ڕۆژان عبدالرحمن ی کوڕی عەوف بینی پێغەمبەر ﷺ لە سجدەدا یا بوو لەناو باخێکی دارخورمادا، لە سجدەیەکی دریژدابوو، عبدالرحمن وەستا تا پێغەمبەر ﷺ سەری پیرۆزی لە سجدە بەرزکردەوە عبدالرحمن فەرمووی: ئەی پێغەمبەر ﷺی خوا سجدەکەت دریژەی کێشا هەتا گومانم برد کە گیانت سپاردووە، چونکە نەمبینیوە بەم شێوەیە دریژە بە سجدە بدەیت، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ئەی عبدالرحمن جبریل هات بۆ لام فەرمووی پێم السلام وە بخوێنە السلام وپێی ووتم: هەر کەسێ صلاوات بدات لەسەرت صلاوات ئەدەم لەسەری، منیش سجدەم برد وسوپاسی خوای گەورەم کرد.

٧٦ ـ لەشەڕی مۆتەدا:

ئەگێڕنەوە لە پێشەوا ئەحمەدەوە کە عومەری کوڕی خەتتاب خواردنی ئەدا بە خەڵکی مەدینە، داڕێکی بەدەستەوە ئەبێ بەسەریاندا ئەگەڕێت، چاوی بە پیاوێك ئەکەوێت، بەدەستی چەپی نان ئەخوات. پێی دەفەرموێت: بەندەی خوا بەدەستی ڕاست نان بخۆ، وەڵامی ئەداتەوە وئەڵێ: ئەو ئیشی هەیە،

ئەفەرموویت ئیشەکەی چییە؟ کابرا ئەڵێ تووشی زیان بووە لە شەڕی مۆتە دا، حەزرەتی عومەر﵁ دانیشت وەدستی کرد بە گریان وە فەرمووی: کێ دەستنوێژت ئەشوات؟..؟...؟ بانگی لە یەکێ فەرمانبەران کرد، کاروانێکی بۆ ڕێکخەن لە خواردن و، وە چی بۆ هەڵبگرێت بیدەنێ. چی لە هاوەڵانی پێغەمبەر لەوێدا بوون دەستیان بە گریان ونزا وپاڕانەوە بۆی، کە چ سەرکردەیەکی دڵ نەرم وبەبەزەییە بەرامبەر موسڵمانان.

٧٧ـ ئایا شێت کێیە؟:

ڕۆژێك پێغەمبەری ئازیزﷺ بە ڕێگایەکدا دەست پێ ئەکات بە ڕۆیشتن، بینی وا کۆمەڵێك دەوریان لە زەلامێك داوە، ئەویش چووە پێشەوە وفەرمووی: ئەوە چییە؟

ووتیان ئەی پێغەمبەری خواﷺ ئەمە شێتە، ئەویش چووە لای زەلامەکە وفەرمووی: نەخێر ئەمە شێت نییە ئەمە نەخۆشە بەڵکو شێت ئەو کەسەیە، کە گوناە دەکات وتەوبەی لەدوا ناکات.

٧٨ ـ سەرسوڕمان بۆ گەورەیی:

دەگێڕنەوە کە فریشتەکان سەریان سوڕما لە گەورەیی ئیسماعیل (علیه السلام) لەلای خوای گەورە کە خوا بەرانێکی لەبەر خاتری

ئەو نارد لە بەهەشت خودای گەورە ووتی: ئەی ملائیکەتینە تحجب مەبن سوێند بە گەورەیی خۆم ئەگەر هەموو فریشتەکان هەریەکە وبەرانێکیان لەسەر ملی دانابا و بۆیان بردبا هێشتا بەرامبەر قسەی ئیسماعیل نابێت کەوتی ﴿... يَٰٓأَبَتِ ٱفۡعَلۡ مَا تُؤۡمَرُۖ سَتَجِدُنِيٓ إِن شَآءَ ٱللَّهُ مِنَ ٱلصَّٰبِرِينَ ١٠٢﴾الصافات

٧٩ ـ عیسا لە خاچ نەدراوە:

کاتێک حەزرەتی عیسا(علیه السلام)خۆی وهاوەڵەکانی لە ترسی ئازاردانی بێ بڕوایان دەربازدەبن وبڕوایان پادەگەیەنێت، بۆیە بێ باوەڕەکان کۆدەبنەوە وبەرەو ئەو جێگایە دەکەونە ڕێ کە عیسا(علیه السلام) وهاوەڵەکانی خۆیان تیا حەشاردەوە، کاتەکە شەو دەبێت شەوێکی نوتەک وبێ دەنگ وخامۆش.

لەم شەوەدا قەدەری خوا وا دەبێت، بێ باوەڕەکان لە بڕی ئەوەی کە حەزرەتی عیسا (علیه السلام) وهاوەڵانی بگرن، ئەو پیاوەی خەبەری لێ دابوون دەیگرن و وا دەزانن کە عیسایە(علیه السلام)، حیکمەتی خوای گەورەش لەوەدایە، کە ئەم کابرایە لە عیسا دەچێت(علیه السلام) و ووتە لە دەمیەوە نایەتە دەرەوە

هیچ بەرگری لە خۆی ناکات وناڵێت من حەزرەتی عیسا نیم بۆیە بەرەو مەیدانی لە سێدارەدان ولەخاچ دانی دەبەن، بەم شێوەیە ئەم کابرایە دەبێتە قوربانی حەزرەتی عیساوە(علیه السلام) خوای گەورەش عیسا دەپارێزێت و بۆلای خۆی بەرزی دەکاتەوە.

٨٣- بۆم زیاد بکە:

دەگێڕنەوە کە ڕۆژێك کابرایێك هاتە لای پێغەمبەرﷺ وپاشان ڕۆیشت سااڵێك تێپەڕی وهاتەوە بەاڵم ڕەنگ وشێوەی گۆڕابوو، ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا نامناسیتەوە پێغەمبەرﷺ فەرمووی: تۆ کێی، ئەویش ووتی: من ئەو کەسەم کە سااڵی پار هاتمە لای تۆ، پێغەمبەرﷺ فەرمووی: ئەی بۆ گۆڕاوی؟ ئەویش ووتی: من هەر بەڕۆژوو بویمە پێغەمبەرﷺ فەرمووی: خۆت ئەزیەت داوە پاشان فەرمووی: ﴿ صُمْ شَهْرَ الصَّبْرِ وَيَوْمًا مِنْ كُلِّ شَهْرٍ﴾رواه أبي داود وإبن ماجه وأحمد وغیرە،

مانگی ئارام گرتن بەڕۆژوو ببە (مانگی ڕەمەزان) وە ڕۆژێك لە هەموو مانگێك کابرا ووتی: بۆم زیاد بکە پێغەمبەرﷺ فەرمووی: دوو ڕۆژ لە هەموو مانگێك کابرا ووتی: بۆم زیاد بکە پێغەمبەرﷺ فەرمووی: سێ ڕۆژ لە هەر مانگێك کابرا ووتی: بۆم زیاد بکە

پێغەمبەر فەرمووی: ﴿ صُمْ مِنْ الْحُرُمِ وَاتْرُكْ صُمْ مِنْ الْحُرُمِ وَاتْرُكْ صُمْ مِنْ الْحُرُمِ وَاتْرُكْ﴾رواه أبي داود والبيهقي. لە مانگە حورمەکان چونکە شەڕیان تێدا حەرام بوو بەڕۆژوو ببە وباقی تر بەجێ بهێڵە.

٨٤ـ ملوانکەی جەژن:

فاطیمەی (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا) کچی پێغەمبەرﷺ هاتە لای باوکی وداوای کرد کە لە بیت المال ی موسڵمانان ملوانکەیەك بە ڕوخسەت بۆ ڕۆژانی جەژن بخوازێ، بەڵام پێغەمبەرﷺ فەرمووی: ئایا کچان هەمویان ملوانکەیان لە مەلە ووتی: دەی دڵیان ناڕەحەت مەکە با لەجەژندا ڕووخۆش بین سەردانی یەکتری بکەین...وە بیربکەینەوە کە لە چ کاتێکە وە وازتان لە هەندێ ڕەفتاری خراپ هێناوە.

٨٥ـ کێ بەخێوی دەکات:

ڕۆژێك باسی پیاوێك کرا لەلای پێغەمبەرﷺ کە زۆر لەخواترسە ودەستی لە دونیا شۆریوە، پێغەمبەرﷺ فەرمووی کێ بەخێوی دەکات، ووتیان برای، پێغەمبەر ووتی: برای لە خۆی خواناس تڕە.

٨٦ـ نامەیەك لە هەژاریدا:

یەکێك لـە قوتابیـانی مـەولانا خالیـد، دوای ئـەوەی ئیجـازەی مەلایەتی وەردەگرێت ودەڕوات بۆ حالی زۆر خـراپ دەبێـت. هیچـی بـۆ نامێنێـت ئەوەنـدە نـەبێ قەڵـەم هەڵـدەگرێ ونامەیـەك بـۆ مامۆستاکەی دەنوسێ وباسـی نـاخۆش وتـەنگ وچـەڵەمەی ژیـانی خۆی بۆ بکات. مەولانا خالیدیش بەم چەند ووشە وەڵامی نامەکەی دەداتەوە، وە دەبێتە هۆی ئارامبەخشین بۆ قوتابی خۆشەویستی مامۆستا، مەولانا دەفەرموێت: گیانەکەم.

علیك بالقناعة بالموجود.
والاعراض عما سوی المقصود
والاتکال علی رب الودود.

٨٧ـ ئەمەیە لێبوردەیی:

دەگێڕنەوە کابرایەکی خەڵکی ووڵاتی شام هاتە مدینە المنورە کە سەیری کرد کابرایەکی جوان وخاوێنی بینی کە سواری وولاغێك بـووە، ئـەویش پرسـی ئـەوە کێیـە؟ خەڵکەکـەش ووتیـان: ئەمـە حەسەنی کوڕی ئیمامی عەلی کوڕی ئەبی تالیبە، کابرایەکە دڵی پـڕ

بوو له ڕق وکینه، ئەوجا بەرەو ڕووی چوو ووتی: تۆ کوڕی ئەبی تالیبی، ئیمامی حەسەنیش فەرمووی: من کوڕی کوڕی ئەوم، کابرایەکە ووتی: من قسەی زۆر ناشیرین وخراپم بە تۆ وباوکت وتۆوە (وە قسەکانی بۆ باس کردن) ئیمامی حەسەنڕضی الله عنه فەرمووی: ئەگەر پارەت دەوێ دەتدەمێ، ئەگەر داواکارییەکت هەیە بۆت جێ بەجێ دەکەم، کابرایەکە سەری سوڕما لە لێبوردەیی ئیمامی حەسەن کە ڕۆیشت کابرایەکە ووتی: لەسەر پشتی زەوی ئەو کوڕەم لە هەموو کەس خۆشتر دەوێت من خوێنم پێدا ئەو چاکەی لەگەڵ کردم.

٨٨ـ دەربارەی دراوسێی چاك ووتویانە :

عبدالله‌ی کوڕی عامرڕضی الله عنه خانویەکی لە خالیدی کوڕی عقبە کڕی کە لەبازاڕەکەدا بوو بەنەوەد هەزار درهەم. کاتێ شەو داهات عبدالله گوێی لە گریانی خێزانی خالید بوو. بۆیە بەخێزانەکەی ووت: ئەوە بۆچی دەگرین؟ ئەویش ووتی: بۆ خانووەکەیان دەگرین. عبدالله بە کوڕەکەی خۆی ووت: بڕۆ پێیان بڵێ: کەوا خانووەکەش وپارەکەش هەمووی بۆ خۆیان.

٨٩ـ من تاقی کردۆتەوە:

دەگێڕنەوە کە کابرایێك مەدحی کابرایەکی دەکرد ئەویش ووتی: ئەی کابرا بۆ مەدحم دەکەی ئایا منت لەکاتی تووڕەبون تاقیکردۆتەوە کە کابرایەکی لێبوردەم؟ ووتی: نەخێر، ووتی: ئایا منت تاقی کردۆتەوە لەکاتی سەفەرکردنی کە خورەوشتم باشە؟ ووتی: نەخێر ووتی: ئایا منت تاقیکردۆتەوە لەکاتی شت لەلادانان کە کابرایەکی دەست پاکم؟ ووتی: نەخێر، ئەوجا کابرایەکە ووتی: کەواتە قوڕ بەسەر کەس نابێت مەدحی کەس بکات لەم سێ شتە نەبێت.

٩٠ـ برایەتی وخاك :

پێغەمبەری ﷺ خودا برایەتی خستە نێوان سەلمانی فارسی وئەبی دەردائەوە، بەتێپەڕبوونی ڕۆژگار کۆچی کرد بۆ شام وە لەوێ جێنشین بوو، وە سەلمانی فارسیش لە عێراق جێنشین بوو، ئەبی دەرداو نامەیەکی بۆ سەلمانی فارسی نوسی:

سەلامی خوای گەورەت لێ بێت....پاش سڵاو ئەی هاوڕێی خۆشەویست خوای گەورە ڕزاندوویەتی بەسەرمدا مالٌ وسامان وکوڕی زۆر وە هەروەها نیشتەجێ بووم لە خاکێکی پیرۆزدا،

سەلمانی فارسیش لە وەڵامدا بۆی نووسی: سەلامی خوای گەورەت لێ بێت، پاش سڵاو ئەی هاوڕێی دڵسۆز وخۆشەویست نوسیووتە بۆم کە خوای گەورە دەوڵەمەندی کرد وبەماڵ وسامانی کوڕی زۆر بزانە کە چاکە لە زۆری ماڵ وسامان وزۆری کوڕ دانییە، بەڵکو چاکە لەوە دایە زانستەکەت بەکەڵکت بێت وکردەوەی پێ بکەیت، لە ناڕەحەتی دا ئارامگر وخۆڕاگر بی.

هەروەها نوسیوتە کە لە خاکی پیرۆزدا جێگیر بوویت، بەڵام بزانە کە خاك هیچ ناکات بۆ کەس، ئیش وکاری چاك بکە هەروا بزانە کە خوا دەبینێت، وە خۆشت ئامادە بکە، یەکێکی لە مردووەکان.

٩١- صبر گرتن لەسەر ئافرەت :

دەگێڕنەوە یەکێك لە پیاوچاکان خێزانێکی زۆر خراپی هەبوو بەڵام ئەو زۆر چاك بوو لەگەڵی وصەبری گرت لەسەر خراپەی پاش ماوەیێك خێزانەکەی وەفاتی کردە، خزم وکەس وکاری ووتیان ژن بهێنەوە، ئەویش ووتی: مامەڵەکردن لەگەڵ ئافرەت زۆر زەحمەتە وە من ئەم تەعاموڵەم نەماوە نایهێنم، کە شەو پیاوچاکە کە نووست دیتی لە ئاسمان ملائیکەت دابەزن ودەچنەوە ئاسمان کە دەگەیشتە ڕاستی ئەو دەیان گووت: (أنت المشؤوم) واتا تۆ بێ

شانسی، بێ بەختی ئەویش ووتی: ئەوە لەگەڵ کێتانە؟ ووتیان لەگەڵ تۆمانە ووتی: بۆچی ووتیان: چونکە هەتا ژنەکەت مابوو وە تۆش صبرت گرت بوو لەسەر خراپی ئەو ئێمە کردەوەکانی تۆمان لەگەڵ (المجاهدون فی سبیل الله) بەرزکردەوە بەڵام لەوەتەی ژنەکەت مردووە کردەوەکانی تۆ لەگەڵ (المخالفون) بەرزدەکەینەوە کە بەخەبەر هات بانگی کەس وکاری خۆی کرد ووتی: ژنم بۆ بهێنن بۆ ئەوەی کردەوەکەی هەر لەگەڵ ئەوان بەرزبکرێتەوە.

٩٢- مرۆڤایەتی پێغەمبەرﷺ:

دوو پیاو تێك دەچن لەسەر میرات، هیچ کامیشیان بەڵگەی تەواویان بەدەستەوە نابێت، دێنە لای پێغەمبەریﷺ خوا ئەویش پێیان دەفەرموێت: من مرۆڤێکم ئێوەش دێنە لام بۆ کێشەکانتان ڕەنگە هەندێکتان زۆرزان وزمان لووستر بێت لە هێنانی بەڵگەکەیدا، وام لێ بکات کە لایەنی ئەو بگرم وقەرار بۆ ئەو بدەم، چونکە ئەوە پارچەیەکە لە ئاگرە کە پێم داوە وبۆم سەندووە، جا کە دوو پیاوەکە گوێیان لەمە بوو لە ترسی خوا وڕۆژی دوایی گریان وهەریەکەیان بەوی تریان دەووت: ئەگەر هەقی منیش بێت، من نامەوێت بۆ تۆ ئینجا پێغەمبەرﷺ پێی فەرمووی: جا ئەگەر وا

دەکەن، وەرن بەشی بکەن وتیروپشکی بۆ بکەن، هەریەکەشتان با گەردنی ئەوی ترتان ئازاد بکات، نەوەك هەقی ئەوی دیکەی چووبێت بەلادا.

٩٣- بتی گەورە:

جارێکیان سوڵتان محمودی غەزنەوی بە سوپایەکەوە هێرش دەکاتە سەر وواڵتی پاکستان وداگیری دەکا هەرچی بتیان هەیە دەیانشکێنێ تەنها بتە گەورەکەیان دەمێنێتەوە، خەڵکەکەش دەچن بۆ لای سوڵتان محمود داوای لێ دەکەن کە ئەو بتە گەورەیان نەشکێنێ وبەرامبەر ئەوە بڕێکی زۆر زێڕ وزیو وئاڵتونی ئەدەنێ بەو مەرجەی بتە گەورەکە نەشکێنێ، ئەویش ڕاوێژ دەکات بە ئەندامانی دەسەڵاتەکەی زۆربەیان ڕازی دەبن بەوەی بڕێك زێڕ وزیو وەربگرن، بتە گەورەکەش با بمێنێ سوڵتان محمودیش لەدواییدا دەڵێت:

من دەترسم لە دواڕۆژدا بانگ بکەن با بێنە پێشەوە(ئازەری بت تاش ومحمودی بت فرۆش) لەپاشان سوڵتان بڕیار دەدات کە بتە گەورەکە بشکێنن، سەیر دەکەن ناو بتەکە پڕیەتی لە زێڕ وزیو، زۆر زیاتر لەوەش کە لەپێشدا ئەیاندانێ، ئەمەش هەمووی دەگەڕێتەوە بۆیان.

٩٤- ستەم مەکە :

دەگێڕنەوە یەکێك لە مەلیکەکان مامۆستایەك دەهێنێ بۆ کوڕەکەی تا بەچاکترین شێوە پەروەردەی بکات، داوای کرد لە مامۆستاکەی کە گرنگی زۆر بدات بە کوڕەکەی تاکو لەپاش خۆی ببێتە جێنشینی خۆی وکاروباری وواڵات بەچاکی بەڕێوە ببات...کوڕەکەی لەسەر چاکترین وجوانترین شێوە پەروەردە بوو کە خۆشی خستە دڵی باوکی ومامۆستاکەیەوە، ڕۆژێك مامۆستاکە بانگی کرد بۆ تاقی کردنەوە، ئەمجا زللەیەکی بە توندی لێدا بەبێ هۆ تاکو ئازاری پێ گەیاند، قوتابیەکە ئەمەی زۆر پێ ناخۆش بوو لە دڵی خۆیدا کۆی کردەوە، پاش ئەوەی بوو بە حاکمی وواڵات دوای باوکی...ڕۆژێکیان مامۆستاکەی بانگی کرد کە تەواو پڕ بوو ئەمجا پرسیاری لێ کرد و ووتی: چی بووە هۆی لێدانم بەبێ هۆ کاتێك من قوتابی تۆ بووم.

مامۆستاکە وەڵامی دایەوە ووتی: کوڕەکەم ئەوە دەرس بوو بۆ تۆ بەپێویستم زانی کە تامی ستەم لێکراوی بچێژی بۆ ئەوەی کە دەسەلاتت هەبوو ستەم نەکەیت!

٩٥- زانیم تۆ بەخەبەریت بۆیە من نووستم:

پیاوێك هاتە لای سوڵتان سلێمانی قانونی وسکاڵای خۆی گەیاندە لای و ووتی: قوربان من، لێی پرسی وا دیارە خەوتویت، کە ئەبووایە ئیشکت بگرتایە بەدیاری ئاژەڵەکانتەوە.

پیاوەکە ووتی: قوربان من دڵنیا بووم، کە بەڕێزتان بەخەبەرن وئاگاداری دارایی ومااڵی خەڵکی.

٩٦- یەك کردار ودوو هەڵوێست:

پیاوێك زۆر بە ناشیرینانە قسەی خراپ بە عەمری کوڕی عبید دەڵێت وهیچی تیا ناهێڵێتەوە. کە پیاوەکە تەواو بوو عەمر ووتی: خوا پاداشتی خێرت بداتەوە لەسەر قسە ڕاستەکانت ولێت خۆش بێت لە ناڕاستەکانت.

٩٧ – ئاشت بونەوە:

پیاوێك زۆر قسەی بە ئەبو زەر الغفاری ووتی: ئەبو زەر رضي الله عنه لە وەاڵمدا ووتی: بەشی ئاشت بوونەوەی تیا بهێڵەرەوە چونکە ئێمە قەرەبوو ناکەینەوە بۆ یەکێ لە خوا یاخی بێت لێمان، تەنها بە گوێڕایەڵی خوا نەبێت.

٩٨ـ سەرۆکێکی پاك :

ڕۆژێکیان پیاوێك ڕۆیشت بۆلای (مسلمی کوڕی قوتەیبە) سەبارەت بە پێویستیەکی خۆی، پیاوەکە شمشێرێکی بەدەستەوە بوو لەکاتی قسەکردنەکەدا بە بێ ئەوەی هەستی پێ بکات نووکی شمشێرەکەی خستبووە سەر پێی مسلم کە بە شێوەیەك کە بریندارى کرد وخوێنی پێدا هاتە خوارێ، بەڵام مسلم هیچ خۆی تێك نەدا وئارامی گرت وپێی نەووت شمشێرەکەت لابە (لەکاتێکدا زۆر ئاسایی بوو ئەگەر پێی بووتایە) پاشان کە پیاوەکە قسەکانی تەواو کرد ڕۆیشت، مسلم داوای پارچەیەك قوماشی کرد بۆ پاك کردنەوەی برینەکەی، لەو کاتەدا پرسیاریان لێ کرد: بۆچی قاچت لانەبرد تا بریندار نەبووایە یان ئەکرا داوات لێی بکردایە کە شمشێرەکەی لا ببردایە؟

مسلمیش لە وەڵامدا فەرمووی: لەوە ترسام کە قسەکانی پێ بڕم وپێویستی یەکەی خۆی نەڵێت.

٩٩ـ دەمەوێت فێری زانست بم :

ڕۆژێك گەنجێك چوو بۆ لای فەیلەسوفی بەناوبانگ سوقرات وپێی ووت: دەمەوێت فێری زانست بم، سوقراتیش دەستی گرت

وپێکەوە ڕۆیشتن بۆ کەناری ئاوێک ئینجا سوقراگ سەری گەنجەکەی کرد بە ئاوەکەدا ودەستی لەسەر سەری گرت تاکو سەری بەرز نەکاتەوە تا ماوەیەک. پاشان بەرزیکردەوە وپێی ووت: ئەو ماوەیەی سەرت لە ژێر ئاودا بوو حەزت لەچی دەکرد وتەنیا ئومێدت چی بوو؟

گەنجەکەش ووتی: تاکە هیوام ئەوە بوو کە یەک تۆز هەوام دەست کەوێ وهەڵی مژم سوقرات ووتی: هەرکات پێویستی وهیوات بۆ زانیاری وەک پێویستی وهیوات بۆ ئەو هەوایەی لێهات ئەو کاتە فێری زانیاری دەبی.

١٠٠- پیاوی دڵفراوان:

حاتەمی کورِی طائی کە بەناوبانگە بەوەی پیاوێکی دڵ فراوانی بەخشندەیە ڕۆژێکیان کۆمەڵێکی زۆری بانگ کرد بۆ سەیران وە خواردنی چاکی بۆ ئامادە کردن ودیاری زۆر بەکەڵکی دانا بۆ ئەوەی دابەشی بکات بەسەر میوانەکانیدا، هەر لەکاتی ئەم سەیران وخۆشیەدا حاتەم خۆی بەو ناوەدا ئەگەڕا، بینی وا کابرایەک خەریکی کۆکردنەوەی چیلکە دارە تا بەکۆڵ بیباتەوە بۆ شار وبیفرۆشێ بژێوی منداڵەکانی پێ بەسەربەرێت وە هەموو

جەستە وگیانی خوێنی پیا دێتە خوارەوە ئەوەندە کۆڵە داری پێبردووە حاتەمی طائی خەڵکی بانگی کردووە بۆ خواردن وبەخشینی دیاری پێیان تۆش بچۆ چەند ئەخۆیت بخۆرەوە ئەوەندە بەرەوە بۆ مالّ ومندالّت کە زۆر زۆر لە دارەکەت باشترە کابرا سەرێکی هەڵبڕی وگوێی بۆ ووتەکانی حاتەم گرتبوو کاتێك کە قسەکانی حاتەم تەواو بوو هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا و ووتی: بەم شێوەیە دار بە کۆڵ بەرم وبیفرۆشم بۆ مالّ ومندالّم زۆر باشترە لەوەی کە چاو بەرە وژێری حاتەمی طائی ببم و داوا لەو بکەم ئایا بەشم ئەدات یان نا بە گوێی حاتەمی نەکردوو نەچوو. پاش ئەوە لە حاتەمیان پرسی کێ لە تۆ باشتر وبەڕێزترە فەرمووی: ئەو پیاوە زۆر لە من نەفس بەرزترە وباشترە.

١٠١ـ خۆراکی مالّی خەلیفە ـ گریان لە مالّی خەلیفەدا:

عومەری کوڕی عبدالعزیز رضی الله عنه نوێژی عیشای کرد وچوو بۆلای کچەکانی سەلامی لێکردن وچووە ژوورەوە کاتێ کە کچەکان هەستیان بە باوکیان کرد دەستیان گرت بە دەمیانەوە ئینجا بۆ لای باوکیان هاتن عومەر بە بەخێوکەرەکەی گووت: ئەوە بۆ دەستیان بەدەمی خۆیانەوە گرتووە خزمەت کارەکەی ووتی: ئەوە

هیچ نەبوو شێوی ئێوارەی پێ بکەنەوە لە نیسك وپیاز بەولاوە ئەوانیش حەز ناکەن بۆنی دەمیان بۆ لای تۆ بێت عومەر دەستی کرد بە گریان دوای ئەوە پووی کردە کچەکانی و ووتی: کچەکانم سوودی بۆ ئێوە نابێ خۆراکی جۆراو جۆر وباوکتان پێ بچێتە دۆزەخەوە ئەوانیش دەستیان کرد بە گریان تا بەتەواوی دەنگی گریان لە مالّی خەلیفە بەرزبووەوە.

١٠٢ـ کابرای نەزان:

ئەگێڕنەوە لە زەمانی پێشوودا کابرایەك بۆ سەفەر ئەچوو تەنها پارچە نانێکی پێ مابوو لە دڵی خۆیدا ئەیوت ئەگەر ئەیخۆم ئیتر ئەمرم، خوای گەورە فریشتەیەکی نارد فەرمووی ئەگەر بیخوا من پەکی ناخەم وبەشی ئەدەم بەڵام ئەگەر نەیخوات هەر ئەوە بەشی ئەبێت. بەردەوام هەر نەیخوارد هەتا مرد ونانەکە مایەوە.

١٠٣ـ نزای شەهیدبوون:

لە شەڕی ئوحود عبداللەی کوڕی جحش کوڕی أبی وقاص لەسەر ئەوە رێك کەوتن کە دوو بەدوو دوعا بکەن. سعد لە پێشدا دەستی بەرزکردەوە ووتی: خوایە گیان لەگەڵ پیاوێکی زەبر بە

دەستی تـوڕەیی ئـازاری گـورج وگـۆل دالێـك بـدەین وزاڵـم بکـەیت بەسەری وبیکوژم. (عبدالله)ش ئامینی بۆ دەکـات، پاشـان عبداللـه دەست بـەرز دەکاتـەوە ودەڵـێ: خوایـە گیـان پیـاوێکی چـاپووکی بەهەڵمەتی بەغیرەتی تووڕە بخەیتە بـەردەم، و پـەلاماری یـەکتری بـدەین وبمکوژێـت ولـووت وگـوێم ببڕێـت ولەقیامەتـدا پرسـیارم لێ بکەیت کوا لووت وگوێت؟ منیش وەڵام بدەمەوە بڵێم خوایـە گیـان لە پێناوی تۆ وپێغەمبەرەکەتدا دامنا، تۆش پێم بفەرموویت ڕاسـت دەکەیت.

سعد دەڵێت: دوعاکـەی عبداللـه زۆر باشـتر بـوو لـە دوعاکـەی من، کە ئێوارە هات عبدالله بە لووت وگوێ بڕاوی و شەهیدی بینی ولووت وگوێی بەپەتێك لەداریکدا هەڵواسرابوو، بەڵێ لە شـەڕەکەدا عبدالله لەگەڵ أبو الحکم کوڕی الاخس کـوڕی شـریف دا بەگژیەکـدا چوون وە عبدالله ناونرا بە لووت وگوێ بڕاوی لە پێناوی خوادا.

١٠٤ـ خوای گەورە بەندەی خۆی تـاقی دەکاتەوە:

ئەگێڕنـەوە کـە شـەیتان چـووە لای حـەزرەتی عیسـا(علیه السلام) پێی ووت: ئایا تۆ ئەڵێیت هەرچی تووشـت بێـت خـوا بـۆی داناوی؟ عیسا(علیه السلام) فـەرمووی: بـەڵێ، شـەیتان ووتـی: دە

بڕۆ لەو شاخە خۆت بخەرە خوارەوە ئەگەر خوا تەقدیری نەکردبێ هیچت لێ نایەت عیسا فەرمووی: مەلعون..بۆ خوا هەیە کە بەندەی خۆی تاقی بکاتەوە وبەس بەڵام بۆ بەندە نییە خوا تاقی بکاتەوە.

١٠٥- پاداشتی پیاوەتی:

دەگێڕنەوە ئیمامی عوسمان رضي الله عنه بڕی هەزار درهەم قەرزی لەلای طلحە بوو کاتێ عوسمان چوو بۆ مزگەوت لەوێ طلحە پێی ووت: پارەکەم بۆ ئامادە کردووی وەری بگرەوە عوسمان رضي الله عنه پێی ووت: ئەی باوکی محمد ئەو پارەیە بۆ خۆت، وەك یارمەتیەك بۆ پیاوەتیت.

١٠٦- پرسیار کرا لە ئەبو دەردا:

دەگێڕنەوە ڕۆژێکیان لەناو مەجلیسێکدا کابرایەك پرسیاری کرد لە ئەبو دەردا ووتی: لە باشترین شت کە خوا ئەیبەخشێ بە بەندەکانی چیە ئەویش ووتی: زانستێکی فراوان، ووتیان: ئەگەر نەبوو، ووتی: عەقلێکی تەواو، ووتیان: ئەگەر نەبوو، ووتی: زمانێکی ڕاستگۆ، ووتیان: ئەگەر نەبوو، ووتی: بێ دەنگیەکی درێژخایەن، ووتیان: ئەگەر نەبوو، ووتی: مردنێکی کت وپڕ.

١٠٧ـ فەرمانی خوا جێ بەجێ بکە:

جارێکیان پیاوچاکێك بۆ کردنی نوێژ دەچێتە مزگەوت لەکاتی نوێژکردن گوێی لە گریان وهاوارێك دەبێ لەماڵی تەنیشت مزگەوتەکە، پاشان لەدوای تەواوبوونی نوێژەکەی دەچێتە ماڵەکە وبەخاوەن ماڵەکە دەڵێ: ئەو گریانە لەبەر چی بوو، خاوەن ماڵەکەش دەڵێت: لەبەر ئەوەی زستانە وسەرمامانە و نەجلمان هەیە ونەپۆشاك بۆیە منداڵەکانم دەگرین ومنیش لەگەڵ دایکیان لەخوا دەپارێنەوە بۆئەوەی لەم هەژارییە ڕزگارمان بکات، پاشان پیاوەکە گەڕایەوە ماڵەوە وبەسەرهاتەکەی بۆ خێزانی گێڕایەوە و ووتی: ژنەکە خوا چۆن فەرمانی پێ کردووین بۆ نوێژکردن ئاواش فەرمانی پێ کردووین یارمەتی هەژاران ولێ قەوماوان بدەین، ژنەکەش ووتی: ئەگەر خۆت بە موسڵمان دەزانی فەرمانەکەی خوا جێ بەجێ بکە وهەموو ماڵەکەیان لەگەڵ بکە نیوە پیاوەکەش بەقسەی کرد و چووە لای ماڵە هەژارەکە وسەروەت وسامانی خۆی لەگەڵ کردە نیوە.

١٠٨ـ خوای گەورە رۆزی دەرە:

ئەگێڕنەوە کە حاتەمی کوڕی ئەصەم لەلای منداڵەکان ووتـی: ئەمەوێ بچم بۆ حەج منداڵەکان گریان ووتیان: ئەی کێ بـەخێومان بکات کچێکی هـەبوو ووتـی: لێـی گـەڕێن بـا بـڕوات خـۆ ئـەو ڕۆزی دەری ئێمـە نییـە، پاشـان کـە باوکیـان ڕۆیشـت منداڵـەکان بـە برسیەتی هەوویان سەرزەنشتی ئەو کچەیان ئـەکرد کچـەکە ووتـی: خوایە دڵم نەشکێنی، تا ڕۆژێکیـان گـەورەی وواڵات بـەلای ماڵیانـدا تێپەڕی بەهاوەڵەکانی ووت: کە هەندێ ئاوی خواردنەوەم بۆ بهێنن منداڵەکانی حاتەم گۆزەیەك ئاویان بۆ هێنا کاتێك پاشا خواردیەوە و ووتی: ئەمە ماڵی کێیە؟ ووتیان: ماڵی حاتـەمی کـوڕی ئەصـەمە پارچەیەك ئاڵتونی خستە نـاو گۆزەکـە و ووتـی: هـەر کـەس منـی خۆش بوێت با وەك من بکـات ئـەو سـەربازانەی کـە لەگـەڵی بـوون هەریەکـەیان پارچـەیەکیان خسـتە نـاو گۆزەکـەوە، ئـیتر کچـەکە دەستی کرد بە گریان دایکی ووتی: خوا کە ڕزق وڕۆزی بـۆ فـراوان کردووین بۆ ئەگری؟ کچەکە ووتی: ئا ئەمـە بەندەیـەکی خـوا ڕووی تێ کردین ئاوا دەوڵەمەند بووین جـا ئـەبێ چـۆن بێـت ئەگـەر خـوا ڕوومان تێ بکات وسەیرمان بکات.

١٠٩ـ پێویستی نیعمەتێکی گەورەیە:

فیضی کوڕی ئیسحاق ئەفەرموێ جارێکیان لەلای فضلی کوڕی حیاض بوو پیاوێك هاتە لای وداوای شتێکی لێ کرد کە بی داتێ وەکۆڵی نەئەدا، منیش ووتم: لاچۆ ئازاری ئەو مەدە، فضل ووتی: بێ دەنگ بە ئەی فیضی ئایا نازانی پێویستی نیعمەتێکی گەورەیە، ئاگادار بە ئەم نیعمەتە نەکەنە هۆی تیاچوون ئەی بۆ سوپاس گوزاری خوا نەکەم کە من ئێستا بووم بەجێی پرسیار (خەڵك داوای شتم لێ ئەکات)

١١٠ـ دوو برا لە سیفەتدا:

جارێکیان عومەری کوڕی خەتتاب رضی الله عنه (٤٠٠) دیناری دا بە یەکێك لە خزمەتکارەکانی کە بیبا بۆ (أبو عبیدە جەراح) وە چەند شەوێك لای بمێنێتەوە وچاوەڕێی بکات چی لێ ئەکات خولامەکە پارەکەی برد وگوتی: گەورەی موسڵمانان (عومەری کوڕی خەتتاب رضی الله عنه) ئەم پارەیەی بۆ ناردی تا سەرفی بکەی لەپێویستی خۆت ئەبو عوبەیدەش کارەکەرەکەی بانگ کرد کە هەر پێنج دینار وشەش دیناری نارد بۆ ئەم وئەو تا پارەکە هەمووی تەواو بوو، غولامەکە گەڕایەوە لای عومەری کوڕی خەتتاب رضی الله عنه وهەواڵەکەی

گەیاندە لای دووبارە ئەندازەیەك پارەی تری نارد بۆ موحازی کوڕی جەبەل ئەویش وەك أبو عوبەیدە دابەشی کرد بەسەر هەژار ونەدارانداو دیسان بەندە گەڕایەوە لای عومەر وئەم هەواڵەی پێ ڕاگەیاند، ئەویش فەرمووی: بەڕاستی ئەوان برای یەکن.

١١١ـ شەونوێژ:

پیاوێك هات بۆ لای پێشەوا ئەبی حەنیفە ووتی: ئەی پێشەوا ئەندازەیەك مـاڵ ودارایـم دانـاوە لەجێگەیەکـدا ئێسـتا نـازانم لـە کوێدایە واتە: ڕێ نابەمەوە سەری، پێشەوا پێی ووت: ئەمە شـتێك نییە فێڵت لێ کرابـێ بـەڵام بـڕۆ شـەونوێژ بکـە هـەتا بـەیانی پشت بەخوا بیرت ئەکەوێتەوە، پیاوەکە ئـەڵێ دەسـتم کـرد بـە نوێـژ تـا چواریەکی شەو ڕۆیی ئیتر بیرم کەوتەوە لـە کـوێ دامنـاوە بـەیانی چووم خەبەر بگەیەنم بە أبو حەنیفە هەر کە چاوم پێ کەوت ووتی: شەیتان نەیهێشت تا بەیانی نوێژ بکەیت خۆزگە تـا بـەیانی نوێـژت بکردایە بۆ سوپاس گوزاری خوا.

١١٢ـ نەخۆش بوون لە پێناوی پێغەمبەرﷺ:

دەگێڕنەوە کە جارێکیان ئەبو بەکرؓ بەرامبەر پێغەمبەرﷺ ڕادەوەستێ وپێی دەڵێت: ئەی پێغەمبەری خوا من کە تۆ دەبینم دڵم خۆش دەبێت چاوم ڕۆشەن دەبێت، تا ڕۆژێکیان پێغەمبەرﷺ نەخۆش دەبێت وئەبو بەکرؓ سەردانی دەکات، بەڵام ئەبو بەکرؓ نەخۆش دەبێت لە تاوی نەخۆشبوونی پێغەمبەرﷺ، پاشان کە پێغەمبەرﷺ چاك بوویەوە سەردانی ئەبو بەکری کرد، ئەبو بەکر چاوی بە پێغەمبەرﷺ کەوت یەکسەر هەڵسایەوە وچاك بووەوە.

١١٣ـ لاإله إلا الله لە دەی حاجیان:

حەزرەتی موسی(علیه السلام) داوای لەخوا کرد و ووتی: خودایە بانگم کردی بەڵام وەڵامت نەدامەوە، شتێکم فێر بکە بۆ ئەوەی پێت بانگ بکەم، خودای گەورە فەرمووی: یا موسی ئەگەر دەی حاجیان هات بڵێ (لا إله إلا الله) دوعات گیرا دەکەم. موسی(علیه السلام) ووتی: خودایە هەموو بەندەکانت ئەمە دەڵێن، خودای گەورە فەرمووی: یا موسی ئەگەر کەس لەم ڕۆژانە بڵێ(لا إله إلا الله) ئەگەر ئاسمان وئەرز لەسەر لایەکی تەرازوێك دابنرێت و(لا إلە إلا الله) لەسەر لایەکەی تردا دابنرێت، ئەوا ئەم زیکرە گرانتر دەبێت.

هەردەم لەچاودێرانی بەرهەمی ئێوە دابێ.



هەلبژاردنی کە سانێک کە خوای گەورە خۆشی ویستوون و بەسەرهات و رووداوەکانی ژیانیان وەک ئەزموونێک بۆ پاش خۆی بەجێ ماوە دیاردەی بوونی رۆشنبیری ئیسلامیە بۆ ئەو کەسەی کە جگە لەم کەسانە ناکات بەقدووەی خۆی، پێچەوانەی ئەوانەی کە لەژێر کاریگەری رۆژئاواو رۆژهەلاتدا نازانن کەژیان بۆچی دەگوزەرێنن هەر ئاخ و داخ بۆ کەسە نەفامەکانیان دەکێشن لەکۆتاییدا جگە لەدەست بەتاڵی و کۆڵێکی پڕ لەگوناهو تاوان هیچی تریان پێ نییە!!

بڵاوکراوەی کتێبخانەی
حاجی قادری کۆیی
بۆ فرۆشتن و چاپکردن و بڵاوکردنەوە
هەولێر - بازاڕی رۆشنبیری تەنیشت تاپۆ
٠٦٦ ٢٢٣٣٨٦٨